زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
Salahaddin University - Erbil

# تویژینەوەیەک سەبارەت بە تایبەتمەندیە هونەرییەکانی گۆرانی فۆلکلۆری و میللی دەڤەری برادۆست (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریە )

ئاراستەکراوە
بۆ ئەنجومەنی بەشی موزیك
وەك داواكارییەك بۆ بەدەستهێنانی بڕوانەمەی بەكالۆریۆس لە زانستی موزیك

ئامادەکردنی قوتابی
پێشەنگ زبێر عزیز

بەسەرپەرشتی

د.ئامانج غازی شاکر

٢٠٢٣-٢٠٢٤ زایینی
٢٧٢٣-٢٧٢٤ کوردی

هەولێر

# واژووی سەرپەرشتیار

ئەم توێژینەوە بەناونیشانی (تایبەتمەندیە هونەرییەکانی گۆرانی فۆلکلۆری و میللی دەڤەری برادۆست ) (لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کاریە) ، لەژێر سەرپەرشتی من ئەنجامدراوە، کەبەشێکە لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس - بەشی موزیك - زانکۆ سەلاحەدین، بۆیە لەخوارەوە واژووم کردوە.

**د.ئامانج غازی شاکر**
**ڕێکەوت:    /  / ٢٠٢٤**

**پێشکەشە بە**

1 - دایک و باوکم که بۆ تەواوی چوار ساڵی خوێندن پاڵپشتی ماددی و مەعنەویم بوون.

2 - خوشک و برا خۆشەویستەکانم.

3 - مامۆستای سەرپەرشتیارم (د.ئامانج غازی) کەزۆر ماندوو بوو لەگەڵم بۆ دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکەم.

4 - گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی خاک و نیشتیمان بەتایبەت دوو مامی شەهیدم ( شەهید خالیدە ڕەش ، شەهید خاڵە شیسۆ) خوا لێیان خۆشبێت .

5 - هاوڕێ خۆشەویستەکانم ( حسن برهان ، هەلوێست جبرائیل، بەلێن ئیسماعیل ) هەردەم پاڵپشتم بوون.

6 - هونەرمەندان و کەسایەتییە کارێزماکانی هونەر بە تایبەت موزیک.

7 - مامۆستایانی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی هەولێر کە چوار ساڵی خوێندن پەروەردەیان کردم لەرووی زانست و زانیاری هەمەجۆر لە زانستی موزیک.

8 - هاوڕی و هاوپۆلەکانم کە چوارساڵمان بەیەکەوە بەرێ کرد و لەگەڵ یەک بووین پشت و پەنای یەک بووین.

## سوپاس و پێزانین

1 - سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان کەوا بەبێ سوپاس کردنی بەردەوامی ئەو هیچ شتێک شایەنی سوپاس نییە.

2 - بەپێویستی دەزانم سوپاسی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم بەڕێز (د.ئامانج غازی ) بکەم، کە زۆر ماندوو بوونی کێشا لەدەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەم لەسەرەتای دەستپێکردن تاوەکوو کۆتا دێڕی ئەم توێژینەوەیە.

3 - زۆر سوپاسی هاوڕێی ئازیز و خۆشەویستم بەرێز (مسلیم تەها برادۆستی ) کە هاوکار و پاڵپشتم بوو، زۆر ماندوو بوو لەگەڵم بەتایبەت پێناساندنی کۆمەڵێک خزم و کەسی خۆی کەبەتایبەت لەرووی هونەری موزیکەوە لەم دەڤەرە شارەزان.

4 - زۆر سوپاسی برایانی دەڤەری برادۆست بەڕێزان (م.جابر وەسمان، م.مەزهەر سعید ، ک . زریان حسن ، ک . رزگار حسن ) دەکەم کە لە کارە مەیدانیەکانم زۆر هاوکار بوون و کارەکانمیان ئاسان تر کرد .

5 - سوپاس بۆ مامۆستایانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان کە لەماوەی چوار ساڵی خوێندنی بەکالۆریۆس هاوکار بوون لە پێشخستنم و پاڵپشت بوون لە سەرکەوتنەکانم لە تەواوی سالانی کۆلێژ.

# پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیەی ئامادەکراوە بریتییە لە کۆکردنەوەی گۆرانیە فۆلکلۆری و میللیەکانی دەڤەری برادۆست کە تاوەکوو ئێستا بەشاراوەیی ماونەتەوە نەکەوتونەتە سەر زمانی خەلکی و کاری زانستیانەی لەسەرەر نەکراوە لەلایەن گروپە موزیکیەکان .

ئەوگۆرانیانەی کەلەسەر زاری بابو باپیرانمان بوون و تاوەکوو ئێستا بەشێوازی زارەکی بۆ نەوەکانیان گواستراونەتەوە توێژەر بەئامانجی لەناونەچونی ئەو گۆرانیە فۆلکلۆریانەی نەتەوەی کورد ئەم توێژینەوەیەیەی ئەنجامداوە . ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە کەهەر بەشەو تایبەتمەندی خۆی هەیە.

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکیەک دەربارەی هونەر و دابونەریتی گشت نەتەوەکان و بەستنەوەی بەگەلی کورد و هەروەها پێکهاتووە لە رێکارەکانی توێژینەوە و پێناسەکردنی زاراوە سەرەکیەکانی ناونیشانی توێژینەوەکە و دیاری کردنی سنوری توێژینەوەکە.

لەبەشی دووەمیشدا چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەیە چەندین بابەتی گرینگ و هەمەجۆر باسکراوە کەوا پێویست بوو بۆ دەولەمەند کردنی توێژینەوە هەروەها لەم بەشەدا رونکردنەوە لەسەر بابەتەکانی جوگرافی و مێژوویی و کلتوری و رۆڵی موزیکی ناوچەکە لە کاتی شۆڕشەکانی کورد ، دەرخستنی گرینگی زانستی ئێتنۆموزیکۆلۆجی و زانستی بەراورد کاری و رۆڵی گەڕانی مەیدانی بۆکۆکردنەوەی خەزێنەی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی.

بەشی سێیەمیش بریتییە لە شیکردنەوەی کۆمەلێک گۆرانی فۆلکلۆری و میللی دەڤەری برادۆست لەرووی چەندین بابەتی زانستیانەی هەمەجۆر بەتایبەتی نوسینەوەی گۆرانیەکان بەشێوازی نۆتە و شیکردنەوەیان لەلایەنی ریتم و میلۆدی و دیاریکردنی میانەکان و چینە دەنگیەکان و دانانی تێکستی گۆرانیەکان.

بەشی چوارەم پێکهاتووە لە ئەنجامی توێژینەوە و تەواوی سەرچاوەی بەکارهاتوو و پێشنیار و راسپاردە و دەرەنجام ، لەگەڵ کۆمەڵێک چاوپێکەوتن کە توێژەر لە مەودای گەڕانی مەیدانی دا لەگەڵ خەلکی دەڤەری برادۆست بەدەستی کەوتوون لەگەڵ تەواوی وێنە و دۆکیۆمێنتە تۆمارکراوەکان.

**ناوەرۆک**


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| I | بریاری سەرپەرشتیار |
| II | پێشکەشە |
| III | سوپاس و پێزانین |
| IV | پوختەی توێژینەوە |
| V-VI | ناوەرۆک |
| VII | پێشەکی |
| 1 | بەشی یەکەم/ چوارچێوەی پرۆژەی توێژینەوە |
| 2 | کێشەی توێژینەوە توێژینەوە |
| 3 | گرینگی توێژینەوە |
| 4 | ئامانجی توێژینەوە |
| 5 | شێوازی توێژینەوە |
| 6 | سنوری توێژینەوە |
| 8 -7 | پێناسەی زاراوەکان |
| 9 | **بەشی دووەم**<br>**چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە** |
| 10 | **توێژینەوەکانی پێشوو** |
| 11-13 | تەوەری یەکەم : ڕێبازی بەراوردکاری و گرینگی زانستی ئێتنۆموزیکۆلۆجی |
| 14-15 | تەوەری دووەم :گرنگی گەڕانی مەیدانی لە کۆکردنەوەی گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری |
| 16-18 | تەوەری سێیەم :سنووری جوگرافیای دەڤەری برادۆست لە ئێستای هەرێمی کوردستان دا |
| 19-24 | تەوەری چوارەم :مێژوویی دەڤەری برادۆست لەکۆنەوە |
| 25 | تەوەری پێنجەم : کاریگەری شۆرشەکانی کورد لەسەر موزیکی دەڤەرەکە |

| | |
|---|---|
| 26 | تەوەری شەشەم : ڕۆڵی موزیک لەبۆنە و ئاهەنگە کەلتوریەکانی دەڤەرەکە |
| 27 | **بەشی سێیەم**<br>**چوارچێوەی رێکارەکانی توێژینەوە** |
| 28 | یەکەم : ئەرکی توێژەران لە کاتی گەڕان لەناو کۆمەلگای توێژینەوە |
| 28 | دووەم : کۆمەڵگای توێژینەوە |
| 29 | سێیەم : کەرستەو ئامێرەکانی توێژینەوە |
| 29 | چوارەم : نمونەی توێژینەوە |
| 29 | پێنجەم : میتۆدی توێژینەوە |
| 29 | شەشەم : ئاستەنگەکانی توێژەر لە توێژینەوە |
| 30-45 | حەوتەم : بونیاد و پێکهاتەی نمونەیی گۆرانیەکان |
| 47 | **بەشی چوارەم**<br>**چوارچێوەی ئەنجامی توێژینەوە** |
| 48 | ئەنجامی توێژینەوە |
| 49 | دەرەنجامی توێژینەوە |
| 50 | پێشنیار |
| 50 | ڕاسپاردە |
| 51-53 | لیستی سەرچاوەکان |
| 54-63 | پاشکۆ |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |

# پێشەکی

هەروەک ئاشـــکرایە هەمـــوو نەتەوەیەک خـــاوەنی زمـــان و ئەدەب و مێـــژوو و داب و نەریـــت و هـــونەر و کلتـــووری خـــۆیەتی کە ناســـنامەی بـــوونیەتی میللەتـــی کـــوردیش وەک نەتەوەکـــانی تـــر خـــاوەن کلتـــور و هـــونەر و ئەدەبـــی تـــایبەت بە خـــۆیەتی . هەر لە ڕوانـــگەی کەلتـــوور و هـــونەر بە تـــایبەت موزیـــک زانـــای بەناوبانگـــای چینـــی کۆنفۆشـــیۆس دەڵێـــت:( ئەگەر دەتەوێـــت پـــلەی پێشـــکەوتن و شارســـتانیەتی هەر گەلێـــک بزانیـــت گـــوێ لە مۆســـیقا و گۆرانیـــان بگـــرە ). لەگەڵ بـــوونی جۆرەهـــا تایبەتمەنـــدی لە گـــۆرانی و مـــوزیکی کـــوردی دا دەبینـــین کە میللەتـــی کـــورد خـــاوەنی هەزاران میلـــۆدی فۆلکلـــۆر و گـــۆرانی تـــایبەت بەخـــۆیەتی ، شـــێوازی گەیشـــتنی ئەم گـــۆرانی و میلـــۆدیە ڕەســـەنانە بەشـــێوازی زارەکـــی لە نەوەیەک بـــۆ نەوەیەک تـــاوەکو گەیشـــتۆتە بەم نەوەیەی ئێســـتا . بەڵام ئەوەی جێگـــای داخە تـــاوەکو ئێســـتا جۆرەهـــا میلـــۆدی و گـــۆرانی فۆلکلـــۆر بەرەو لەنـــاوچوون دەچـــن چـــونکە لەپێشـــتر وە لە ئێستاشـــدا کە میلـــۆدیەک بـــوونی هەبـــووە هەر بەشـــێوازی زارەکـــی لە نەوەیەک بـــۆ نەوەیەکـــی تـــر گواســـتراونەتەوە وەک ئەوەی بڵێـــین قـــالبێکی ســـەهۆل لە ڕۆژێکـــی گەرم دا کە لە کـارگەیەک دێـتە دەرەوە تـا دەگـاتە دەسـتی ئـێمە چەنـدی لـێ ئەمێنێـتەوە ؟ دەتـوانی چەنـدی لـێ بەکـار بێنیـت ؟ هەر بـۆیە پێویسـتە تـوێژەران نەهـێڵن کەوا میلـۆدیە فۆلکلۆریەکـانی ئەم نەتەوەیە بەرەو فەوتـان و لەنـاوچوون نەچـن چیتـر ، کاریـان لەسـەر بکەیـن بەرێگـای بە زانسـتی کـردن و بەنـۆتە کردنیـان بیـان پـارێزین لە لەنـاوچوون و فەوتـانی یەکجارەکیـان .بـۆیە تـوێژەر وەک فێرخـوازێکی بـواری موزیـک لەم تـوێژینەوەیەدا بەپشـت بەسـتن بەچەنـدەها سـەرچاوە و چـاوپێکەوتن لەگەڵ شـارەزایان و دانیشـتوانی (دەڤەری برادۆست)هەڵسـاوە بە تیشـک خسـتنە سـەر شـێواز و تایبەتمەنـدی گـۆرانی لەم نـاوچەیە و بە زانسـتی کردنـی میلۆدیەکان و پاراستنیان لە لەناوچوون ....

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی ڕێکاری توێژینەوە

1. کێشەی توێژینەوە
2. گرینگی توێژینەوە
3. ئامانجی توێژینەوە
4. شێوازی توێژینەوە
5. سنوری توێژینەوە
6. نمونەی توێژینەوە
7. پێناسەی زاراوەکان

## کێشەی توێژینەوە

لەدوای ئەوەی توێژەر بەدواداچوونی کورد لەبارەی گۆرانی فۆلکلۆر و میللی دەڤەری برادۆست ، بۆی دەرکەوت کەوا چەند کێشەیەکی بەرچاو بونیان هەیە، پێویستە بەرێکارێکی پتەوی زانستی کێشەکان چارەسەر بکرێت. یەکێک لەو کێشانەی کەوا لەم توێژینەوەیەدا بەرچاوە بریتییە لە بەزانستی نەکردن و کۆنەکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری و میللی دەڤەری برادۆست ، کەوا بەپێویست زانراوە لەلایەن توێژەرەوە کاری جددی لەسەر بکات بۆ گەیشتن بە ئەنجام، لەکاتێکدا توێژەرانی پێشوو کاریان لەسەر ئەم بابەتە نەکردووە بۆیە کۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری و میللی لەم دەڤەرەدا ئەرکێکی بەجێ گەیەنراو دەبێت لەم توێژینەوەیە. ئەوەی ئاشکرایە کتێبخانەی کوردی لەرووی بابەتە هونەریەکان و بەتایبەت میوزیک زۆر لاوازە کەوا توێژەرانی ئەم بوارە کێشەی کەمی سەرچاوەیان بۆ دروست ئەبێت لە توێژینەوەکەیان دا، بەڵام ئەوە ئەوە ناگەیەنێ کەوا کەمتەرخەمی لە نوسەران و توێژەرانی بوارەکە نەبێت ،بۆیە پێویستە لەمەو دوا توێژەرانی بوارەکە زیاتر گرنگی بە لایەنی دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەکان بدەن. بەکەلتور بونی موزیک لەزۆرێک لەوڵاتان کاری جددی لەسەردەکرێت بۆ بەرەو پێش بردنی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی ناو کۆمەڵگاکەی ، چونکە موزیک یەکێکە لەبنەما هەرە سەرەکیەکانی بەرەو پێشچونی ئاستی مەعریفەی وڵاتان، کەچی لای زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواری هونەر و موزیک بە کارێکی نا پەسەند هەژمار دەکەن و بەرپەچی دەدەنەوە بەتایبەت لای زۆرێکیان بە قەدەغە کراو (حەرام) هەژماری دەکەن لەرووی ئاینیەوە، هەر بۆیە کێشەی توێژەرانی موزیک لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری بکەین کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر ئاستی هۆشیاری کۆمەڵەی ناو کۆمەڵگای کوردەواری داکردووە و رێگر بووە لەبەرەو پێش چوونی ئاستی مەعریفەی هونەری. ئەو باس خواسەی وەک لەسەرەوە کە باس کراوە بریتی بوون لە کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە.

## گرینگی توێژینەوە

1- گرینگی ئەم توێژینەوەیە بەپێی سیستەمێکی ڕێک و کارکردنێکی زانستیانە لە بارەی گۆرانی فۆلکلۆری و میللی ئەم دەڤەرە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

2- ئەرشیف کردن ، بەنۆتەکردنی گۆرانیە فۆلکلۆری و میللیەکان بۆپاراستنیان لە لەناوچوون.

3- هەروەها دروستکردنی سەرچاوەیەکی سودبەخشی زانستی بەتایبەت دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی بە بابەتی زانستی موزیک .

4- ئەم توێژینەوەیە بەیەکەم توێژینەوەی زانستی دادەنرێت کەوا باس لە گۆرانی فۆلکلۆری و میللی دەڤەری برادۆست دەکات .

5- ناساندنی گۆرانی فۆلکلۆری و میللی بە گەلی کورد ،کە گرینگە هەموو تاکێکی کۆمەڵگا دەربارەی ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندی هونەر و کلتوری باب و باپیرانی شارەزا بێت.

6- دەرخستنی ڕۆڵی گەڕانی مەیدانی ، بۆ توێژەران بەتایبەت هونەری موزیکی فۆلکلۆری .

## ئامانجی توێژینەوە

ئامـانجی تـوێژەر لەم تـوێژینەوەیە دا خـۆی لەچەنـد بـابەتێکی گرینـگ و بەرچـاو دەبینێـتەوە کەبریتینە لەم ئامانجانە :

1- کـۆکردنەوە ی گـۆرانی فۆلکلـۆری و میللـی ئەم دەڤەرە . هەروەهـا بە گرینـگ سـەیر کردنـی کەلتـوری نەتەوەیـی و کـارکردن لەسـەر ئـاواز و میلـۆدیە فۆلکلـۆری و میللیەکـانی ئەم دەڤەرە و بەتایبەت لە لایەنی ئەرشیف کردن بەرێکارێکی زانستیانە.

2- ئاشناکردنی گۆرانی و کەلتوری ئەم دەڤەرە و ناساندنی بە نەوەی ئێستا.

3- بـایەخ دان بە بـابەتی مەیـدانی و گەڕان بەدوای ناسـنامەی گـۆرانی فۆلکلـۆری، بەتـایبەت سـەرنج راکێشـانی تـوێژەران بـۆ کـار کـردن لەسـەر بـابەتی هاوشـێوە بـۆ گەیشـتن بە دیـوە شاراوەکانی تایبەتمەندی گۆرانی فۆلکلۆری گەلی کورد.

4- یەکێکـی تـر لەئامانجەکـان بـریتییە لە بە گرینـگ سـەیر کردنـی کەلتـوری نەتەوەیـی و کـارکردن لەسـەر ئـاواز و میلـۆدیە فۆلکلـۆری و میللیەکـانی ئەم دەڤەرە و بەتـایبەت لە لایەنی ئەرشیف کردن بەرێکارێکی زانستیانە.

5- دەرخسـتنی ڕۆڵـی موزیـک و گـۆرانی دەڤەری برادۆسـت ،لە شۆڕشـەکانی نەتەوەی کورد.

6- لەکـۆی ئەم ئامانجـانە تـوێژەر بە پێویسـتی دەزانـێ دەستنیشـانی رۆڵ و گرینگـی گـۆرانی بکات لەسەر ئاستی هونەری دەڤەرەکە.

## شێوازی توێژینەوە

لەم تـــوێژینەوەیەدا شـــێواز و ڕێبـــازی تـــوێژینەوەی وەســـفی و شـــیکاریمان دەســـت نیشانکردووە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکە.

## سنوری توێژینەوە

سـنوری تـوێژینەوە بۆناونیشـانی لێکـۆلینەوەی (تایبەتمەنـدیە هونەرییەکـانی گـۆرانی فۆلکلـۆر و میللـــی دەڤەری برادۆســـت ) (لێکـــۆڵینەوەیەکی بەراورد کـــاریە) ، خـــۆی لەو چەنـــد بـــوارە جیایانە دەبینێتەوە :-

أ / سـنووری شـوێنی: ناوەنـدی قەزای (سـیدەکان) بەتـایبەت گونـدەکانی ( قەرێتـان ، کەژمک ، پەنجـاڕ ) ئەو ناوچـانەی کە لەرووی موزیـک و رۆشـنبیری هـونەری رۆڵـی بەرچاویـان هەیە بەتایبەت گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری.

ب / سنووری کاتی: ساڵانی 2000-2022

ج / سنووری بابەتی: گۆرانی فۆلکلۆری و میللی.

## پێناسەی زاراوەکان

1- **گــۆرانی فۆلکلــۆری:** بەم جــۆرە گۆرانیــانە دەڵــێن (گــۆرانی فۆلکلــۆری راســتەقینە - Real folk song ) ( غـــــازی، 2010، 13)، کەلە دێهاتەکـــــانی دوورە شــــــار ســــەر هەڵدەدات و تەمەنێکـــــی درێـــژی هەیە هەریەک لەم چەشـــنانە دەگـــرێتە خـــۆ : دووبەیتــی، ســێ دێــری ، چــوار دێــری ،پێــنج دێــری و شەشــی و حەوت و هەشــت دێریشــی هەیە ، بەپێـــی ئـــاواز و ریتمـــی گـــۆرانیەکە دەگۆرێـــت (الیـــاس،2017، 28). بەپێـــی پێناســـەی گەورە موزســـیانی هەنگـــاری (بـــیلا بـــارتۆک ) گـــۆرانی فۆلکلـــۆری بـــریتییە لەو (گـــۆرانیەی کەلەنێـــو کـــۆمەڵێکی زۆری خەڵکـــدا بـــوونی هەیە و بۆمـــاوەیەکی زۆر و زەنـــدیش لەنێوانیانـــدا دەمێنێـــتەوە)( غـــازی، 2010، 13-14). گـــۆرانی کـــۆنترین بەشـــی ئەدەبـــی فۆلکلـــۆرە. هەروەک بەشـــێکی دیـــاری هـــۆنراوەی لیـــریکە. لەزانســـتی فۆلکلـــۆر ناســـیدا دوو رای جیـــاواز دەربـــارەی ســـەرەتای گـــۆرانی هەیە، کەهەر ڕایە و خـــاوەنەکەی ئەبـــاتەوە ســـەر رێچـــکە گەورەکەی بـــاوەری فەلســـەفی ، ئەم دوو رایەش ئەوەیە کەبەلای کۆمەڵێـــک فۆلکلـــۆر ناســـەوە گـــۆرانی ئیشـــکردن ( کـــارکردن) کـــۆنترین جـــۆری گـــۆرانیە ، بەلای هەندێکیشیان گۆرانی ئاینی کۆنترین جۆریەتی (رەسوڵ، 1970، 59 ).

2- **گــۆرانی میللـــی:** دەکـــرێ و دەشـــێ ئەم گۆرانیـــانە نـــاونێین گـــۆرانی فۆلکلـــۆری دانـــراو، چـــونکە ئەم گۆرانیـــانە لەســـەر شـــێواز و ســـتایلی گـــۆرانی فۆلکلـــۆری راســـتەقینە دادەنرێـــت. نمـــــونەی گـــــۆرانی میللیمـــــان زۆرە لەنێـــــو کۆمەڵگـــــای کـــــوردەواری لەوانە : گـــــۆرانی مەشـــکانە ، هـــای هـــای مەمـــۆ ، مەنـــدانە ، دەســـماڵێ... هتـــد(غازی،2010، 14- 15). لەنێـــو ســـۆرانی و دیالێکتەکـــانی دیـــکەی کـــوردی زیـــاتر وشـــەی میللـــی یـــان فۆلکلـــۆر بەکاردێـــت. بەڵام راڤەکردنـــی فۆلکلـــۆر خـــۆی لەخـــۆی دا جـــارێ لەزانســـتەکانی موزیکـــدا خـــۆی بەتەواوی روون نەکـــردۆتەوە، کەئایـــا تەنیـــا ئەنـــۆنیم واتە خـــاوەن نادیـــار ، فۆلکلـــۆرە یـــا هەر کاراوەێـــک لەڤـــولایی گەلەوە هاتبێـــت فۆلکلـــۆرە ( ئازیـــد،2016، 497). گـــۆرانی میللـــی لەژێـــر کـــاریگەری فۆلکلـــۆر دایە، لەنێـــو شـــاردا ســـەر هەڵدەدات و ئـــاواز و وشـــەکانی ئاسانن ( الیاس ، 2017، 31 ).

3- **دەڤەری برادۆست:** ناوی هۆز و چەند دەڤەرێکی جیاوازە، یەکێکیان لەباشوری کوردستانە و سەر بە پارێزگای هەولێرە و ناوەندەکەی کانیە رەش بووە و ئێستا سیدەکانە. دەڤەرەکەی تر لەکوردستانی رۆژهەڵاتە لەنزیک شاری (ورمێ) پارێزگای (ئازەربایجانی رۆژئاوای ئێران) بە تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و سۆما برادۆست دەناسرێت، بەشێکی بچوکیش لەناوچەی گەوڕی شەمزینان لەکوردستانی باکورن(برادۆستی،2021، 44). ناوی برادۆست لەروبار و چیاکانی ناوچەکە وەرگیراوە (ایغلیتون،2006، 106) ، بەپێی کتێبی (المسالک والممالک) ی (ابن حوقل) ناوی برادۆست بە (برازدوختی) هێناوە وای بۆچووە لەناوی ئەم هۆزەوە وەرگیرابێت کە هۆزێکی کوردی ناوچەی دینەوەری خوراسانە (ابن حوقل، 1873، 186). بەڵام کۆنترین بەڵگەی بەردەست کە ئاماژەی بەناوی برادۆست بکات وەک هۆزێکی کورد ، دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی (16ز) ، لەساڵی (1510ز) ، کە وەک هۆزێکی گەورەی بەگزادە و میرانی شاری ئورمیە لە کوردستانی رۆژهەڵات و ناوچەی بەرازگرد لەکوردستانی باشور دا فەرمان رەواییان کردووە ( برادۆستی ، 2021، 44- 45) .

## بەشی دووەم

# چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

## توێژینەوەکانی پێشوو

### تەوەرەی یەکەم /

رێبازی بەراوردکاری و گرینگی زانستی ئێتنۆموزیکۆلۆجی

### تەوەرەی دووەم /

گرنگی گەڕانی مەیدانی لە کۆکردنەوەی گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری

### تەوەرەی سێیەم /

سنووری جوگرافیای دەڤەری برادۆست لە ئێستای هەرێمی کوردستان دا

### تەوەرەی چوارەم /

مێژوویی دەڤەری برادۆست لەکۆنەوە

### تەوەری پێنجەم /

کاریگەری شۆرشەکانی کورد لەسەر موزیکی دەڤەری برادۆست

### تەوەری شەشەم /

رۆڵی موزیک لەبۆنە و ئاهەنگە کەلتوریەکانی دەڤەرەکە

## توێژینەوەکانی پێشوو:

بەپێـــی ئەو بەدواداچونـــانەی تـــوێژەر لەزۆرێـــک لە کتێـــب و ســـەرچاوەی زانســـتی و وێبســـایت و گۆڤارەکـــان دا کردوویەتـــی ، هـــیچ تـــوێژینەوەیەک بەناونیشـــانی ( تایبەتمەنـــدیە هونەریەکـــانی گـــۆرانی فۆلکلـــۆری و میللـــی دەڤەری برادۆســـت ) کە ( لێکـــۆڵینەوەیەکی بەراورد کـــاریە ) نەکرابـــووە لەپێشـــوودا. بەڵام دوو تـــوێژینەوەی نزیـــک لەبـــارەی گـــۆرانی فۆلکلـــۆری و میللـــی یەکێکیـــان بەناونیشـــانی ( ڕیـــتم و میلـــۆدی لە گـــۆرانیە فۆلکلـــۆری و میللیەکـانی دەڤەری باڵەکـایەتی ) تـوێژەر (احمـد حسـێن ) ، وە یەکێکـی تریشـیان بەناونیشـانی ( پێکهـاتە هونەریەکـانی گـۆرانی کەلەپـوری لە دەشـتی کـۆیە ) تـوێژەر ( دەربـاز جـلال ) . کەهەردوو تـــوێژینەوەکە بەسەرپەرشـــتی بەڕێـــز (د.ئامـــانج غـــازی ) کـــراون . هەردووک تـــوێژینەوەی ئەنجامـــدراوەکە بەدیراســـەیەکی مەیـــدانی کـــاری لەســـەر کـــراوە ، تیایـــدا بەشـــێوازێکی زانســـتیانە گـــۆرانیە فۆلکلـــۆری و میللیەکـــانی (دەڤەری باڵەکـــایەتی ) و تایبەتمەنـدیە کەلەپوریەکـانی گـۆرانی (دەشـتی کـۆیە ) کـاری بەنـۆتە کردنیـان لەسـەر کـراوە و شـیکردنەوەی لایەنـــی ( ریتمـــی ، میللـــۆدی ، میـــانە میلۆدیەکـــان ، فـــۆرم ، تێکســـت ، مەقـــام هتد... ) . بەم شێوەیە ئەم دوو توێژینەوەیە کاریان لەسەر کراوە.

# تەوەرەی یەکەم

## ڕێبازی بەراوردکاری و گرینگی زانستی ئێتنۆموزیکۆلۆجی :

میتۆدی بەراوردکاری یەکێکە لە جۆرە گرنگەکانی میتۆدی توێژینەوەی زانستی، ئەم میتۆدە لە سەردەمی یۆنانیەوە سەری هەڵداوە، ئەگەر سەیری ئەو فەیلەسوفانە بکەین کە ئەم جۆرە میتۆدەیان بەکارهێناوە، فەیلەسوف و زانای بەناوبانگ ( ئەرستۆ ) بە یەکێک لە گرنگترین فەیلەسوفەکان دادەنرێت کە ئەم جۆرە میتۆدە بەکارهێنابێت. فەیلەسوفەکان ئەوکات ئەم شێوازەیان لە دیاردە سروشتییەکان یان... کۆمەڵایەتی یان سیاسی بەکارهێناوە (کوجك، کوثر حسین ،2007). ئەگەر بێتوو بەشێوازێکی زانستیانە پێناسەی ڕێبازی بەراوردکاری بکەین ئەوا ئەو ڕێبازەیە کە لەسەر بنەمای بەراوردکردن لە لێکۆڵینەوە لە دیاردەکاندایە، تیشک دەخاتە سەر لێکچوون و جیاوازی نێوان دوو دیاردە . لەڕووی زمانەوانیەوە ڕێبازی بەراوردکاری بەم شێوەیەیە : بەراوردکردن واتە بەراوردکردنی دوو دیاردە یان زیاتر ، بە زانینی لایەنەکانیان لێکچوون و جیاوازی. لە ڕووی زاراوەشەوە : بە واتای ئەو پرۆسەیە دێت کە لە ڕێگەیەوە لێکچوونەکان تیشک دەخرێنە سەر جیاوازی نێوان دوو شتی هاوشێوە یان زیاتر و ئەمەش مانای ئەوەیە کە ناکرێ بەراوردکردنەکە لە نێوان دوو شتی دژ بەیەکدا بکرێت. (جۆن ستیوارت )شێوازی بەراوردکاری بەم شێوەیە پێناسە دەکات، "شێوازی بەراوردکاری بە واتای... بەراوردکردنی دوو سیستەمی سیاسی کە لە هەموو بارودۆخێکدا هاوشێوەن بەڵام جیاوازن لەڕووی یەک توخم ، بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەم جیاوازییە بەدواداچوونی بۆ بکرێت. بەگشتی ڕێبازی بەراوردکاری ئەو ڕێبازەیە کە پشت بە بەراوردکردن دەبەستێت لە لێکۆڵینەوەکانیدا لە دیاردەکان تیشک دەخاتە سەر لێکچوون و جیاوازییەکان لە نێوان دوو دیاردە یان زیاتر و لە ڕێگەی ئەمەوە توێژەر پشت بە کۆمەڵێک... هەنگاوەکانی گەیشتن بە حەقیقەتی زانستی پەیوەست بە دیاردەکانەوە بیرمەندانە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بەراوردکردن پرۆسەیەکی پێویستە بۆ بیرکردنەوەی زانستی، بەڵام میتۆدەکە بەراورد: بریتیە لە کۆمەڵێک ئۆپەراسیۆنی دەروونی کە بە هەمان شێوە تایبەت و فرەن کات پەیوەستە بە شیکردنەوە و کۆکردنەوە و وەسفکردنی دیاردەکە و جیانەکردنەوەی لە کۆنتێکستی مێژوویی،

کولتووری، کۆمەڵایەتییەکەی... بەراوردکردن بۆ خۆی ئامانجێکە زاڵە بەسەر تویژینەوەکەدا بەگشتی. (انترنیت١) . لەباسی زانستی ئێتنۆموزیکۆلۆجی دا ئەگەر بێتو لەسەرەتادا باسی ئامانجی ئەم زانستە بکەین ، لێکۆڵینەوەیە لە مۆسیقا وەک پراکتیکی وجوان ناسی و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. زانایانی ئێتنۆموزیکۆلۆجی لەچەندین بنەماوە سوودیان وەرگرتووە وەک: موزیک ، ئەنترۆپۆلۆژیای کەلتوری ، فۆلکلۆر ، تویژینەوەی نمایش ، سەما ، لێکۆڵینەوەی ڕەگەز یاخود نەتەوەیی ، لێکۆڵینەوەی ناوچە ، تویژینەوەی دەنگ و چەندین بواری دیکەی زانستە مرۆییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان (انترنیت٢) . لەیەکێک لە وانەکانی ئێتنۆموزیکۆلۆژی قۆناغی چوارەم کۆلێژی هونەرە جوانەکان ، بەڕێز (د.نەهرۆ زاگرۆس) بەم شێوەیە لەبارەی ئێتنۆموزیکۆلۆجی دوا و شیکردنەوەیەکی زانستیانەی لەبارەی وشە و لێکدانەوەیەکی پڕ بەهای بۆ زانستەکە کرد : ( بۆئەوەی زیاتر لەزانستی ئێتنۆموزیکۆلۆجی تێبگەین، سەرەتا دەبێ موزیک وەک دیاردە سەیربکرێت ، لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە . بۆنمونە ئەگەر سەیری پارێزگای کەرکووک بکەین ، دەبینین چەندین قەومی جیاوازی تێدایە هەر لەکۆنەوە ، بەڵام تاوەکو ئێستاش هەریەک لەو قەومانە خاوەنی موزیکی تایبەت بەخۆیەتی و گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەر گۆرانی و موزیکەکەی دا نەهاتووە . وە دەبێ بزانین لەناو موزیک دا چەند دیسپلینێک هەیە کە بریتینە لە ( تیۆری موزیک ، مێژوو ، کۆمپۆزیشن ، ، موزیکۆلۆجی ) و یەکێک لە لقەکانی تری ئەم دیسپلینانە (بنەما) یانە بریتییە لە ئێتنۆموزیکۆلۆجی . لە لێکدانەوەی وشەی ئێتنۆموزیکۆلۆجیدا بەمشێوەیە لێکدانەوەی بۆکرد : Ethnic / بەواتای نەتەوە یاخود گەل دێت . Music / بەواتای موزیک دێت. Logic / بەواتای مەنطق یاخود لۆژیک . ئەوە بەواتای وشەییەوە . بەڵام دوو وشەی ( Musicology ) بەیەکەوە بەواتای موزیک ناسی دێت . بەکۆی گشتی Ethnomusicology واتە لێکۆڵینەوە لە موزیکی گەلان ، بەڵام ئەم واتایە بەتەواوی واتای ئەم زانستە نادات بەدەستەوە ناتوانین بڵێین کە ئێتنۆموزیکۆلۆجی تەنها کار لەسەر موزیکی گەلان دەکات ، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە بەم نمونەیە رونی کردەوە : کاتێک ئێتنۆموزیکۆلۆجیستێک لە موزیکێکی مۆدێرن دەکۆڵێتەوە دەتوانێت بەهەمان رێکار لە موزیکێکی کلاسیک بکۆڵێتەوە . هەروەها ئەگەر ئەو لێکۆڵەرە بچێتە هۆڵێکی سینەما لە موزیکی فیلمەکە بکۆڵێتەوە هەمان هەنگاوەکانی پێشوتر کەلە موزیکە مۆدێرنەکە و موزیکە کلاسیکەکە بەکاری هێنابوو بەکاری دێنێتەوە. کەواتە تایبەت نییە بە لێکۆڵینەوە لەموزیکی گەلان ) (زاگرۆس،نەهرۆ،Recorded). برونۆ نێتڵهەرچی سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی

ئەم زانستە ، وابەستە بە زانستێکی دیکە بە ناوی موزیکناسیی بەراوردکاری دەکرێت، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەڵمانیادا سەری هەڵداوە. پایەکانی ئەم زانستە لە سەر زانستگەلێکی وەک موزیکناسی، دەروونناسی، زمانناسی، موزیک و نەتەوەناسی، زانستی دەنگ، ئامێرناسی و مێژووی موزیکدا بناغەی دانابوو.

بە هۆی گەشەسەندنی ئەم زانستە لە نیوەی سەدەی بیستەمەوە، بەتایبەت لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گۆڕانکاری لە فۆڕم و پێکهاتەی زانستەکەدا هاتە گۆڕێ . هەر بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانە لە موزیکی بەراوردکاریدا، دواجار زاراوەی ئێتنۆموزیکۆلۆجی لە ساڵی ١٩٥٠دا، لە لایەن لێکۆڵەری هۆڵەندی یاپ کونست، وەک ناوێکی نوێ بۆ ئەم زانستە پێشنیار کرا. لە ئێستاشدا ئەم زانستە لە سەرجەم کۆلێژە موزیکیەکانی ئەمریکا و ئەوروپادا وەک بەشێ موزیکیەکانی ئەمریکا و ئەوروپادا وەک بەشێکی گرینگ لەبواری خوێندنی موزیکدا دادەنرێت و گرینگی بەرچاوی پێ دەدرێت (انترنێت٣).

## تەوەرەی دووەم

**گرنگی گەڕانی مەیدانی لە کۆکردنەوەی گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری :**

یەکێــک نەریــتە هەرە گرنگەکــانی نــاو تــوێژینەوەی زانســتی ، بەتــایبەت لە موزیــک بۆکــۆکردنەوەی گــۆرانی فۆلکلــۆری میللەتانێــک بــریتییە لە گەڕانــی مەیــدانی ، چــونکە گەڕانــی مەیـدانی نزیــک بــونەوەیە لە ئامــانجی ڕاســتەقینە و گەیشــتن بە ورد تــرین زانیــاری دەربــارەی ( کۆمەڵگــای تــوێژینەوە ، ئەو هونەرمەنــدەی کەلێــی دەکــۆڵیتەوە ، نــاوچەی تــوێژینەوە، تایبەتمەنــدی گــۆرانی فۆلکلــۆر ) . هەمــوو کــارێکی مەیــدانی بــۆ خــۆی ئەزمــوونێکە، بــۆیە کەڵەکەکردنــی ئەزموونەکــان لە ڕێــگەی پــراکتیکەوە کە بە زانیــاری میتۆدۆلـۆژی پــاڵاوتە دەکرێــت، دەبێــتە هــۆی باشــترین ئەنجــامی خــوازراو (ڕای تــوێژەر). هـونەر بەگشـتی و موزیــک و گـۆرانی بەتـایبەتی بەشـێکی گرنگــی کەلتـوری هەرنەتەوەیەک پێکـدەهێنێت ، گـۆرانی و مۆسـیقای فۆلکلـۆریی بەشـێکی گرنگــی کەلتـوری نەتەوەی کـورد پێکـدەهێنێت کە بەشـێوەیەکی زارەکــی دەمــاودەم لەنەوەیەکەوە بـۆ نەوەیەکیتـر گواسـتراوەتەوە، گومـانی تێـدانییە کە بـۆ لێکـۆڵینەوە لەم بـابەتە گـرنگە پێویسـتمان بە گەڕانــی مەیـدانی هەیە بـۆ کــۆکردنەوەو پاشــان ئەرشــیفکردن و پەرەپێــدان ، کــاری مەیــدانی بە گرنگتــرین ئەرک دادەنــدرێت بــۆ ئەم بــوارە (انترنێــت ٤). گەڕان بەدوای ناســنامەی مــوزیکی فۆلکلــۆری شــارەزاییەکی بــێ هەژمــاری تیـۆری و تەکنیکــی و پراکتیکــی دەوێــت ، ( کــۆرت زاکــس) Kort Zakی مێژوونـــــاس و موزیکناســـــی ئەڵمـــــانی ، پراکتیکـــــی گەڕان بە دوای کۆکردنەوەی موزیک و گورانی فۆلکلۆری بۆ دوو قۆناغ دەستنیشان دەکات .

قۆنــاغی یەکەم: بەقۆنــاغی (گەڕانــی مەیـدانی) دەناسـرێت کە لەنێـو شــارۆچکە و گونـد و لادێ و دێهاتەکــان ئەنجــام دەدرێ، واتــا ئەو شــوێنانەی کە دورەدەســتن یــاخود هێشــتا تەکنەلۆژیایــان نەگەیشتووەتێ و بە (Field Work) ناو دەبرێ.

قۆنـــاغی دووەم: تەواوکەری قۆنـــاغی یەکەمـــە و بە ئەنجـــام گەیانـــدنی کـــاری پراکتیکـــی و بەدواداچـــوونی دراوە و ئەو کـــردارەیە کە لە قۆنـــاغی یەکەم ئەنجـــام دراوە و نووســـینەوەی ئەو بــابەتە هونەریــانەیە بە زمــانی موزیــک واتــا (نــۆتە) ، ئینجــا بنیاتنــانی کــارە هــونەرییە زانســت ئامێرەکــانی تــرە لە هاڕمۆنیــا و شــیکردنەوە و ناســینەوەی جــۆری پەیــژە و مــازۆرە و فــرێس و بابەتەکــانی تــری هــونەری پەیوەســت بە بــابەتە هونەرییەکــە و بە (desk work) ناو دەبردرێ (غازی، 2010 ، 22- 23) .

لەیەکێــک لە لێــدوانەکانی ڕێــژەن حســن بــۆ وێبســایتی خەنــدان ، کــاری مەیــدانی بە گرنگتــرین ئەرک دادەنــدرێت بــۆ کــۆکردنەوەی گــۆرانی فۆلکلــۆری گەلان . کە کۆمەڵێــک بنەمای هەیە بۆ ئەنجامدانی کە بەکورتی لە چەند خاڵێک دا باسی کردووە :-

١.دیــاریکردنی نــاوچەی گەڕان واتە ســنوری جــوگرافی کە پێکــدێت لە (شــار، شــارۆچکە، گوند، هۆزو تیرەکان کە کۆچەرین).

٢.داب و نەریــت: مەبەســت لەوە تێگەیشــتنە لە داب و نەریــت و شــێوازی ژیــانی خەڵکــی لەوناوچەیەدا تا بەریەککەوتنەکان ئاسیین و زانیاری پێشوەخت هەبێت لەوبارەیەوە.

٣.زمـان: تێگەشـتن لە زمـانی قسـەکردن چـونکە ئەم کـارە پێویسـتی بەدوانـدن و گفتوگـۆکردن هەیە لەناو خەڵک دا.

٤ .پێویستییەکانی تۆمارکردن وەک (کامێرا، تۆماری دەنگی)

٥.چاوپێکەوتنەکان:

-کەســانی بەتەمەن لە (گــۆرانی بێــژ ، مــوزیکژەن) بەتــایبەت لە گونــدو نــاوچە دورەدەســتەکان کە دورن لە تەکنەلۆجیا

-ناوەندە فەرهەنگیە ئەکادیمیەکان (زانکۆ ، پەیمانگا هونەرییەکان) (انترنێت٤).

گەڕان بەدوای کــۆکردنەوەی خەرمــانی گــۆرانییە پەرت و بڵاوەکــانی کــورد پەیوەنــدییەکی گرنــگ و نەپســاوەی بە فــاکتەری (زەمەن) واتــا کــات هەیە، چــونکە گەڕانــی یەک بەدوای یەکــی گونــد و لادێ و دێهاتەکــان دەبێــتە هــۆی لەدەســت نەدانــی ئەو گۆرانیــانەی کە لە ســەرزاری خەڵکــی مــاونەتەوە و هەروەهــا پراکتیکــی گەڕانــی زۆر دەبێــتە مــایەی کــۆکردنەوەی زۆرتــرین بەرهەمــی (خــام) بــۆ دەســتەبەرکردنی دەوڵەمەنتــرین ئەرشــیفی زانســت ئــامێز لەنێــو ئەو (4500) گونــدە دڵــڕفێنەی کوردســتان و بە دەیــان هەزار گــۆرانی و بەدەســتە و (بــالۆرە و لاوک و حەیــران و قەتــار و ســیاچەمانە و هــۆرە و بەیــات و خــاوکەر و نیوەشــەو و ســەفەر)(انترنێت٥) . بێگومــان دەڤەری برادۆســتیش هاوشــێوەی زۆریــنەی دەڤەر و ناوچەکــانی کوردســتان جــگە لە ســەروەریەکان و شۆڕشــگێڕی و بەرخــودان ، خــاوەنی جۆرەهــا میراتــی گــۆرانی میللــی و فۆلکلــۆری تــایبەت بەخــۆیەتی کەوا دەمــاو دەم لەباب و باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە (ڕای توێژەر).

## تەوەرەی سێیەم

## سنووری جوگرافیای دەڤەری برادۆست لە ئێستای هەرێمی کوردستان دا:-

دەڤەر و نــاوچەی برادۆســت دەکەوێــتە بــاکووری ڕۆژ هەڵاتــی هەرێمــی کوردســتان و پارێزگــای هەولێــر،ئەم دەڤەرە هاوســنوورە لەگەڵ دوو وڵاتــی دراوســێ و چەنــدین قەزا و نــاحیەی تــری پارێزگــای هەولێــر لە خــۆ دەگرێــت، لە لای ڕۆژ هەڵات دا ســنووری وڵاتــی ئێــرانە (کوردســتانی ڕۆژ هەڵات ) لە لای بــاکووردا ســنووری وڵاتــی تورکیــایە (کوردســتانی بــاکوور )بەڵام لە باشــوری دا هەر یەکە لە نــاوچەی باڵەکــایەتی لە قەزای چۆمــان و نــاحیەی دیــــانە لە قەزای ســــۆران و لەلای ڕۆژئــــاوای دا نــــاحیەی پیــــران و مەزنــــێ لەقەزای مێرگەســــۆر. ( برادۆســــتی ، 2021، 26-27) ڕووبەری ســــنوری دەڤەری برادوســــت (1616کـم 2) دووری لە ســەنتەری پارێزگــا (142کـم) ە لە کۆتایەکــانی ســەدەی نــۆزەدا بە فەرمــانی والــی عوســمانی بەنــاوی نــاحیەی (برادوســت ) نــاوی هــاتووە ،لە ســالی (1932) لە لایەن حکــومەتی عیــراق بەرەســمی کــراوەتە نــاحیە بەنــاوی (نــاحیەی برادۆســت ) لەئێســتاش دا بە سیدەکان ناو دەبرێت ، بەم دواییانە کراوەتە قەزا (انترنێت٦).

گرنگــی ئەو دەڤەرە لەوەدایە کە شــوێنەکەی بــایەخێکی ســتراتیجی تــایبەتی خــۆی هەیە، لە ڕووی نــاوخۆ و نێــودەوڵەتییەوە، بەهــۆی بەســتنەوەی ســنووری هەرێمــی کوردســتان بە ســنووری وڵاتــی ئێــران و تورکیــاوە، بەمەش خــاڵێکی ســێ گۆشــەیی ســنووری گەورە و فراوان دروست دەکات . (برادۆستی 2021 ،27 ).

لە ڕووی گەشتیاریشــەوە برادۆســت چەنــدین شــوێنی ســەرنج ڕاکێشــی هەیە کە هەنــدێکیان لەســەر ئاســتی کوردســتان و نــاوچەکەی بەناوبــانگن وەک ( بێــرمەی دینــداران، مێــرگە دووکــان، مێرگەمیــر ، کێلەشــین، مێــرگە حەوش، ســەرچەمان، کانیــا میــرە، خــوارەمیر ، ڕەنیەپیــر گەروا شــەمکێ ســیرۆ و زەروە و.......تــاد. بە درێژاییــی خــاڵە ســنوورییەکانی نێــوان دەڤەری برادۆســت لەگەڵ ســنووری تورکیــا و ئێــران چەنــدین شــوێن و کوێســتانی دیکەشیان.(برادۆستی،2021 ،21 ) .

**دەڤەری برادۆست دابەش دەبێت بە سەر چوار ناو چەی جوگرافی گەورە و فراوان :**
حەوزی سیدەکان ــ خوا کوڕک ــ دەشتە هێرت ــ دەشتی بەراز گرت: -

1. **حەوزی سـیدەکان – دەڤەری برادۆسـت :** ئەم نـاوچەیە دەکەوێـتە ڕۆژئـاوای برادۆسـت، سـنورێکی گەورە و فـراوان لە خـۆ دەگرێـت ، لە ئێسـتادا گونـدی سـیدەکان بـۆ تەمەڵبنـدی نـاحیەی برادۆسـت ژمـارەیەکی زۆر گونـد هەیە، دانیشـتووانی سـەرەکی ئەم سـنووورە پێـک دێـنن لە بەشـێک لە بەگزادەکـان و تیـرەی پیرەسـنی (کە لە تیـرە گەورەکە گەورە و بەناوبانگەکـانی برادۆسـتن )لەگەڵ تیـرەی مـام ناسـرەیی، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئێسـتادا مەڵبەنـدی نـاحیەیە، هەنـدێک لە خـانەوادەی شـێخزادەکان و سـەیدەکان و ڕەوەنـدۆک و مهـاجیر لەم نـاوچەیە نیشـتەجێن، بەشـێک لە( مهـاجر و سـورچی و هەرکـی و گەردی ) لە دوای دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێـراق و دابەشبوونی کوردستان هاتونەتە ئەم ناوچەیە.

2. **نـاوچەی خواکـوڕک - دەڤەری برادۆسـت :** نـاوچەی خواکـوڕک دەکەوێـتە بـاکووری دەڤەری برادۆسـت ، بە پێـی ئەو سـنوورەی کە لە نەخشـەی و نـاوچەی بـرا دۆسـت ئامـاژەی پێکـراوە جوگرافیـای ئەم نـاوچەیە سـتراتیجییە و شـوێنێکی سـەخت و شـاخاوییە لە کۆتاییەکەیـدا دەلکێـت بەخـاڵی سـێ گۆشـەی سـنوری. دانیشـتووانی ئەم نـاوچەیە پێیـان دەوتـرێ خواکـوڕکی بەنـاوی نـاوچەکەیە نـاو نـراون لە تیـرە جوامێرەکانی برادۆست هەژمار دەکرێن.

3. **دەشـتە هێـرت - دەڤەری برادۆسـت :** دەشـتێکی گەورەو فـراوانە دەکەوێـتە باشـوری نـاحیەی برادۆسـت ، ژمـارەیەکی زۆر گونـد لە خـۆ دەگـرێ دانیشـتوانی ئەم دەشـتە پێـک دێـن لە بەشـێک لە بەگزادەکـانی گەڵ تیـرەی ڕەوەنـدۆک کە تیرەیەکـی گەورەی برادۆسـتن و دوو بەشـن بـازەیی و هەرۆیـی و لەگەڵ تیـرەی شـێخزادەکان کە لە (گەلـی بێسـێوێ)ن وە بە (گەلـی شـێخزادە) ناسـراوە. دا ئەم نـاوچەیە دەشتاییەکی گەورە فراوان و بەپیتە لە ڕووی کشتوکاڵیەوە.

4. **دەشـــتی بەراز گـــرد - دەڤەری برادۆســـت:** نـــاوچەیەکی گەورە و فـــراوانە هەم ڕووبەرێکـــی زۆری شـــاخاوی و هەمیشـــە دەشـــتایی هەیە، دەکەوێـــتە ڕۆژئـــاوای نـــاحیەی برادۆســـت، دەشـــتێکی گەورە و فراوانـــی هەیە ڕووبـــاری بەرازگـــرد بە ناوەڕاسـتی ئەم دەشـتەدا دێـت و پێـی دەوترێـت چـۆمی بەرازگـرد ، لە هەمـان کاتـدا لە ڕووی کشـتوکاڵی بە پیـت و ناوبانـگ. ئەم نـاوچەیە ژمـارەیەکی زۆر گونـد لە خـۆ دەگرێـت و دانیشـتووانی ئەم دەشـتە بەشـێکی بەگـزادەن، بەسـەر گونـدەکانی کـانیەڕەش و چنـارە و بنەوانـۆک و هـاڕونی و خومـاری و هەیـات و سـیدا و چەنـد گونـدێکی تـر بـڵاو بـوونەتەوە، لەگەڵ هەندێکـدا لە دانیشـتوانی تیـرەی تـری برادۆسـت لەم نـاوچەیە هەن ، وەک کانیەڕەشـی، ئـاری، ئـابری ، هەدنەیـی و ئێشـمی و ئیتـر....، جیـاوازی ئەم دەشـــتە لەگەڵ ناوچەکـــانی تـــر ئەوەیە دوو گونـــدی گەورەی مەســـیحییەکانی برادۆســتی لێـیە ئەویـش گونـدی (سـیرۆ) و (زەروا) یە. ( برادۆسـتی 2021، 29 - 31).

## تەوەرەی چوارەم

### ا – مێژووی یدەڤەری برادۆست لەكۆنەوە :

مێــژووی دەڤەری برادۆســـت مێژوویەكـــی دەوڵەمەنـــد و پـــێگە و پـــایەیەكی گرنگـــی لە مێــژووی گەلـــی كـــورددا هەیە مێــژووەكەی دەگەڕێـــتەوە بــۆ هەزاران ســـاڵ پـــێش ئێســـتا (برادۆســـتی،47:2021) . ئەم دەڤەرە مێژوویەكـــی كـــۆنی هەیە بەڵـــگە بــۆ ئەمە هەردوو كێـــل (میـــل ) ی كێلەشـــین و تـــۆبزاوە كە بە خەتـــی مێخـــی لە ســـەری نووســـراوە لە رووەكـــی نووســـینی ئاشـــووریە كە (37) دێـــرە لە رووكەی تـــریش نووســـینی ئـــۆرارتیە كە (38) دێـــرە هـــی دەورانـــی ســـالانی (714) پـــێش زایـــن ) كەوا ئەم نـــاو چەیە هەرێمـــی ئاشـــوری و ئـــۆرارتیە كـــان بـــووە ، گەورە پەســـتگای خواوەنـــدی خالـــدی لە گونـــدی (مجێســـر) بـــوە (انترنێـــت ٦) . ســـەرەتای مێـــژووی برادۆســـت لە شـــاخی برادۆســـت دەســـت پێـــدەكات، لەو كـــاتەی كە مـــرۆڤ لە ئەشـــكەوتی شـــانەدەر دا ژیـــاوە بە ســـەرەتای ژیـــان دادەنرێـــت، لە زۆربەی ســـەرچاوەكاندا ، ئەو ســـەردەمی مرۆڤـــی شـــانەدەری تێـــدا ژیـــاوە كە هاوســـەردەم بـــووە لەگەڵ مرۆڤەكـــانی نیانـــدەر تـــاڵی ئەڵمانیـــا، ئەم ســـەردەمە كە لە فەڕەنســـا پێـــی دەوتـــرێ ســـەردەمی موســـتیری لە ئەشـــكەوتی شـــانەدەر ، شـــوێنەوار ناســـەن ناویـــان نـــاوە (( ســـەردەمی برادۆســـتی ــــ العصـــر البرادوســـتی))(باقر، 1966: 19). ئەم دەڤەرە دەوڵەمەنـــدە بە بـــوونی چەنـــدین شـــوێنی كـــۆنی تـــر كە مێژوەكەیـــان دەگەڕێـــتەوە بـــۆ هەزاران ســـاڵ لەمەوبەر و بـــۆ چەنـــدین ســـەردەمی جیاواز(برادۆســـتی:2021، 47). موساســـیر كە یەكـــێكە لەشـــوێنەوارە هەرە گرینگەكـــانی نـــاوچەكە كە لە دەڤەری برادۆســـت لە نزیـــك گونـــدی مجیســـەر هەڵكەوتـــوە، كە لە كۆنـــدا پەرســـتگایەكی ئورارتـــو (ئورارتوییەكـــان) بـــووە، پەیـــڕەوان و پەرســـتانی خوداوەنـــد خالـــدی، خوداوەنـــدی خـــۆر موساســـیر لە نووســـینە كۆنەكانـــدا كە لەســـەر لەوحـــی مێژوویـــی كێلێەشـــێن نووســـراوە، كە یـــادی ســـەركەوتنی پاشـــایان( ئۆزانـــا) دەكـــات لە شـــەڕی دژی داگیركەرانـــی ئاشـــووری لە ســـەدەی هەشـــتەمی پـــێش زایین(انترنێـــت ٧). هەروەهـــا (كێلەشـــین)، ئەو كـــێلە بەردە دەكەوێـــتە ســـەر زنجیـــرە چیاكـــانی زاگـــرۆس لە ســـنووری نێـــوان شـــاری هەولێـــر ـ قەزای ســـیدەكان لە باشـــووری كوردســـتان و شـــاری ورمـــێ ـ نـــاحیەی شـــنۆ لە ڕۆژ هەڵاتـــی كوردســـتان كە ئەو بەشـــە چیـــایەی زاگـــرۆس هەر بەنـــاوی ئەو بەردەوە پـــێ دەڵـــێن (كێلەشـــین). (انترنێـــت ٨). لە گەرمـــی شـــەڕی عێـــراق و ئێـــران دا لەســـاڵی 1985 لەشـــوێنی خـــۆی هەڵگیـــرا و گواســـترایەوە دیـــوی ئێـــران ، ئێســـتا لەمۆزەخـــانەی ئـــورمێ یە لە كوردســـتانی رۆژ هەڵات( برادۆســـتی،2021 ، 150) . زۆر كەس وا تێگەیشـــتوون ئەو كـــێلە بـــۆ دەستنیشـــان كردنـــی

سـنووری هەردوو دەوڵەتـی داگیـرکەری عێـراق و ئێـران دانـراوە، لە ڕاسـتیدا ئەو کـێڵە بـۆ پـێش دوو هەزار سـاڵ زیـاتری پ.ز دەگەڕێـتەوە کە ئەو دەم هـیچ سـنوورێک لەو شـوێنە بوونی نەبووە. (انترنێت ٨).

## ب ــ دەڤەری برادۆست لەسەردەمی شانشینی ئۆرارتۆ :

ئۆرارتۆیەکـان کـێن ؟ ـــ لە نیـوەی یەکەمـی هەزارەی یەکەمـی پـێش زایـن ئەو کـاتەی کە دەسـەڵاتی ئاشـوری تـا ڕادەیەک بە هـۆی کێشـە شـەناوخۆیەکان بێهێـز بـوو لە ئەنـادۆڵ ـ (کوردسـتانی بـاکوور) هێزێکـی سیاسـی نـوێ سـەرەی هەڵـدا ، کە لە دەقەی مێخـیە ئاشـوورییەکان بە (ئۆرارتـۆ) ناویـان هـاتووە ، بەڵام لە زمـانی خۆیـان بە (بیـاینی) خۆیـان ناسـاندووە. شـاری (ئـاردینی ـــ موساسـیر)، یـان کـردە پـایتەختی ئـاینی دەوڵەتەکەیـان کە مەڵبەنـدی پەرسـتنی خواوەنـد خالـدی یـان خـالتی (هالـدی) بـووە (برادۆسـتی، 2021 : 49 - 50). ئەگەر سـەیری تۆمـارە ئاشـوری و بابلیەکـان بکەیـن لە (هەزارەی یەکەمـی) پـێش زایـن ئامـاژە بە دانیشـتوانی کوردسـتان کـراوە بەنـاوی (ئۆراتـۆ و میـدی و مـانی .....هتـد) ئەمـانە ئەقـوامی کـۆنی کـوردن ڕەچەڵەی ئـێمەش دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوان لێـرەوە دەگەیـنە ئەو ڕاسـتیەی کە کـورد نەتەوەیەکـی جیـاوازە لەنەتەوەکـانی تـر لەڕووی (زمـان و کلتـور و داب ونەریـت و مێژوو....هتـد)، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردسـتان ڕووبەرووی هێـرش و پەلامـاری نەتەوەکـانی دراوسـێی بـووە نەی توانیـووە ببێـتە خـاوەن دەوڵەت و دامەزراوەی سیاسـی خـۆی (انترنێت٩).

سـنوری ئـۆرارتی زۆر فـراوان بـوو ، لەبەشـی باشـوردا هاوسـنوری وڵاتـی ئاشـووریەکان بـوونە. بەردەوام لەشـەڕ و ململانـێ دابـوونە ( render، 2011، 738)، سـەرەڕای ئەوەی کە (موساسـیر) لەنێـوان هەردوو دەوڵەتـی ئاشـوری و ئـۆراتی بـووە ، ئەوەش وای کـردووە کە گرینگیەکـی زۆری هەبـێ لەڕووی سیاسـی و ئـاینی و ئـابووری بەتـایبەت لە دەڤەری برادۆستدا ( برادۆستی ، 2021 ، 50) .

**ج – ئۆرارتیەکان و دەڤەری برادۆست لەرووی مێژووی هونەریەوە :**

لە کـۆنەوە تـاوەکوو ئێسـتا لەسـەردەمی یۆنانیەکـان و مسـریە کۆنەکـان و هەر نـاوچەیەک کە شـوێنی سـەر هەڵدانی شارسـتانیەت و ژیـان کـردن بـووە تیایـدا، ئەوە بێگومـان لە مەودای ئەم ژیـان کـردنە لەم دەوڵەتـانە لەروی هونەریشـەوە پێشـکەوتنی گەورە کە تـاوەکوو ئێسـتاش چەنـدان کـاری هـونەری پەیـکەر سـازی بـۆ کەسـایەتی و خواوەنـدەکانیان و هـونەری بینـا سـازی و نیگـار کێشـان و کەرسـتەی مـوزیکی مـاونەتەوە. دەوڵەتـی ئـۆرارتیش بەتـایبەت دەڤەرەکە بێـبەش نەبـووە لەو پێشـکەوتنە هونەریـانە ( بۆچـونی تـوێژەر ). ئۆرارتیەکـان ، لەرووی هـونەریەوە پێشـکەوتنی زۆر بەرچـاوی هونەریـان هەبـووە ، بەتـایبەت بە دروسـتکردن و بەکارهێنـانی گالیسـکەی تـایبەت بـۆ گواسـتنەوە و کاروبـاری سـەربازی و کـاری تـر ، کە لەدار و ئاسـن دروسـت دەکـرا ، بەکـار دەهێنـرا لەتەواوی سـنوری دەسـەڵاتیان بەسـنوری دەڤەری برادۆسـتەوە . هەروەهـا هـونەری سـەربەرد لە (نەیـا) نزیـک گونـدی هەیـات، دەشـتی بەرازگـرد، دەی سـەلمێنێت کە هەر لەکـۆنەوە هـونەر لەم دەڤەرەدا بـوونی هەبـووە و بەگرینـگ زانـراوە. بەردی (نەیـا) وێـنەی هەمەجـۆری لەسـەر نەخشـێنراوە بەتـایبەت لەسـەر یەک بەشـی بەردەکە چـونکە شـێوەی نـارێکی بەردەکە و بەرزی ونزمـی وای کـردووە کە نەتوانرێـت لەسـەر لایەکـانی تـری وێـنە بکێشـرێت. ئەو وێنـانەی لەسـەر بەردەکەن ، (27) مـرۆڤ ، (39) بزنـی کێـوی ،(47) بـازنەی بچـوک ، گورگێـک و مارێـک ، (2) ڕێـوی، وێـنەی ئـاژەلێکی نادیـار ، (8) وێـنەی نادیـار ( برادۆسـتی، 2021، 53 - 161 - 162) .

**د ــ دەڤەری برادۆست لەدوای هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام :**

ئەم دەڤەرە لە سـەردەمی هـاتنی ئـایینی ئیسـلام بـۆ نـاوچەکە ، دوای ئەوەی دەسـەڵاتی ئیسـلام بەهێـز بـوو ، هێـزە موسـڵمانەکان پێشـرەویان کـرد بـۆ چەنـدەها شـوێنی سـەر ڕۆژهەڵات ، لەوانەش پێشـەنگی سـوپای موسـڵمانان بەسـەرکردایەتی هـاوەڵ ( عـوتبەی کـوری فەرقەد) لەسـەردەمی پێشـەوای بـاوەڕداران ( عمـری کـوری خطـاب (ر.خ) ) گەیشـتن بە نـاوچە کوردیەکـان لەسـاڵی (16 ک / 637 ز) (برادۆسـتی ، 2021 ، 69 ). دەڤەری برادۆسـت لەم سـەردەمەدا بـو بە پـردی پەڕینـەوەی سـوپای ئیسـلام لەرۆژهەڵاتەوە بەرەو وڵاتـی فـارس و کۆتـاییەکەی گەیشـتن بە سـنوری ئازەربیجـان و ئەرمینیـا و وڵاتـی قۆقـاز لەبـاکور ( الخليـل، 2007 ، 161). لەپـێش هـاتنی ئـاینی ئیسـلام لەم دەڤەرەدا ئـاینی

زەردەشــت ئــاینی فەرمــی بــووە لەنــاوچەکەدا ، زەردەشــتیەکان زۆر گرینگیــان بە بــواری موزیـك داوە وەکـو کەرسـتەیێکی پیـرۆزیش سـەیریان کـراوە بە تـایبەتی ئـامێری (تەمبـوور) لە هەمــوو ئاتەشــگەکاندا لە لایەن کــۆڕی تەمبــوور ژەنــان ســروودی (گاتــا) دەگــوترایەوە ( انترنێـت ١٠) . سـرودی (گاتـا) کە کـۆنترین سـرودی ئـاواز ئـامێزە کە زەردەشـت بـۆ ئـاهورا مەزدا نوســیویەتی ، ئــاهورا مەزدا ( نــاوی خــودای زەردەشــتییەکان ) ە ( انترنێــت١١) . لەســەردەمی هــاتنی ئــاینی پیــرۆزی ئیســلام لە ســاڵی ( ٦٣٧ ز) هــونەر لەو نــاوچەیەدا هەر بەردەوام بــووە، بەڵام ڕێگــا بە هەمــوو ئــامێر و بــۆنەیەك نەدراوە، بەڵکــو تەنهــا شمشــاڵ یــان دەڤ لە بۆنە و مەراسیمە ئایینیەکان ژەندراوە. (انترنێت ١٠).

## ر – قەڵا دمدم و ئەمیر خانی برادۆست (خانی لەپ زێرین) :

قەڵای دمــدم لەســەر کێویێــک کە هەر بەو نــاوە هەڵکەوتــووە کە دەکەوێــتە هەژدە کیلــۆ مەتـری شـاری ورمـێ لەسـەر ڕێگـای ورمـێ – شـنۆ و لەکەنـاری گونـدی کوکیـا ( سـەرباز، 2022، 177) . قەڵای دمــدم بینــا ســازیەکی پــێش ســەردەمی ئیســلامە و مێــژووەکەی دەگەریــتەوە بــۆ ســەردەمی ساســانیەکان ( برادۆســتی ، 2021 ،94 ) . لە زۆرێــک لەســەرچاوەکان وا هــاتووە کە قەڵای دمــدم دەکەویــتە نــاوچەی تەرگەوەری شــاری ورمــێ ، بەڵام ئێسـتا ئەو نـاوچەیەی کە قەڵای دمـدمی لێـیە ، گەڵـی قاسـملوی پێـدەڵێن و دەکەوێـتە سـەر ڕێگـای ورمـێ بـۆ شـنۆ و ڕۆژ هەڵاتـی گەڵـی بەرانـدێز و تەرگـوەڕ تەنیـا بەو نـاوچەیە دەڵـێن کە لەنێــوان نــاوچەی مەرگەوەڕ و نــاوچەی ســۆما برادۆســت و لەســەر ســنوری تورکیــا هەڵکەوتــووە ( ســەرباز، 2022 ، 177) . لە نزیکــی ســاڵی 1609 ز دا قەڵای دمــدم وێـران بوبـو بەڵام لەلایەن ئەمیرخـانی لەپ زێـڕین فەرمـانڕەوای برادۆسـتەوە بنیـات نـرایەوە ( انترنێــت ١٢). دەیویســت ســەربەخۆیی پارێزگــاکەی لە کــاتی فراوانبــوونی شانشــینی عوســمانی و ســەفەویدا بپارێزێــت، وێرانیەکــانی ئــاوەدان کردەوە(انترنێـت١٣) . ئەمیرخــانی برادۆســت یەکــێکە لە بەناوبــانگترین میرەکــانی برادۆســت و گەلــی کــورد ، ناســرابوو بە (خــانی لەپ زێــرین) یــان ( دەســت زێــڕین) (برادۆســتی ، 2021 ، 90 ) ، یــاخود نــاوە راســتیەکەی میــر قەرەتــاج . لە دوای مردنــی شــا تەهماســپی یەکەم، زۆربەی میرانــی میرنشــینەکانی ئەودەمــی کوردســتان بەســەرۆکایەتیی میــر عــومەری میرنشــینی ســۆران، چـوونە پـاڵ دەوڵەتـی عوسـمانییەکان، بەڵام میـر قەرەتـاج کە میـری میرنشـینی برادۆسـت بـوو، نەچـووە ژێـر بـاری میـر عـومەر و بەمەش شـەڕ و پێکـدادان لەنێوانـدا بەرپـا بـوو کە لەو

شــەڕەدا میــر قەرەتــاج دەســتی پەڕێنــرا، ئیتــر لەو کــاتەوە بە ئەمیرخــانی یەکدەســت ناســرا. دوای ئەوەی شاعەباســی یەکەم بــووە پاشــای دەوڵەتــی ســەفەوی، دەســتێکی لە زێــڕ بــۆ دروست کـرد و بەمەش نازنـاوێکی بـۆ زیـاد بـوو کە (خـانی لەپ زێـڕین) بوو(انترنێـت١٤) ، بـۆیە شـا عەباسـی یەکەمـی سـەفەوی گشـت مەملەکەتـی برادۆسـت و دەوروبەری ڕادەسـت کــرد ، بە رابەری گشــتی برادۆســتیەکان دانــرا لە ناوچەکــانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و برادۆسـت و سـۆما برادۆسـت و شـنۆ و چەنـدین نـاوچەی تـر (برادۆسـتی ، 2021 ، 91 ). لە کـاتی بنیاتنـانەوە و ئـاوەدانکردنەوەی قەڵای دمـدم ، وای لە میرانـی ئێـران کـرد، بـکەونە بەربەرەکـانێی میـر قەرەتـاج، یەکێـک لەو میـرانە میـری ئازەربایجـان بـوو کە نـاوی میـر پیربـداغ بەگ بـوو، تەنـانەت میرانـی ئێـران لای شاعەباسـی یەکەم وایـان تێگەیانـد کە میـر قەرەتـاج نیـازی وایە لە شاعەباسـی یەکەم یـاخی بێـت و سـەربەخۆیی میرنشـینەکەی ڕابگەیەنێـت، ئەوەبـوو شاعەباسـی یەکەم داوای لە میـر قەرەتـاج کـرد دەسـت لە دروسـتکردنی قەڵای دمـدم هەڵبگرێـت، بەڵام میـر قەرەتـاج داواکەی پشـتگوێ خسـت و بەردەوام بـوو تـا تەواوی کـرد( انترنێـت١٤). لە تشـرینی دووەمـی ( 1609) جەنـگ بەرپـا بـوو لەنێـوان میـر و دەوڵەتـی سـەفەوی تـاوەکوو هـاوینی ( 1610 ) بەردەوام بـوو (شـێخ ڕاغـب ، 2022 ، 49 ) . لە هەوڵەکـانی شـا عەبـاس ، سـەرەتا چەنـد جارێـک هێزیـان نـاردە سـەر قەڵاکە، بەڵام بە هـۆی قـایمیی قەڵا و شـەڕی قارەمانـانەی جەنگـاوەرانی قەڵا، هەمـوو هێرشـەکان تووشـی شکسـت هـاتن، لە ئەنجامـدا شـا عەبـاس بڕیـاری دا سـوپایەکی دەهەزار کەسـی بە فەرمانـدەیی حەسـەن خـانی والیـی هەمەدان هێـرش بکـاتە سـەر قەڵای دەمـدەم، بیسـت جەنگـاوەری هـۆزی جەلالـیش کە لە کـوردانی ژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانی بـوون و خۆیـان تەسـلیمی شـا عەبـاس کردبـوو، لە هێرشـەکەی سـەر قەڵای دەمـدەم بەشـداربوون. بەڵام دوای شـەڕێکی قـورس شکسـتیان هێنا(انترنێـت١٥). پاڵەوانـانی قەڵای دمـدم ئەوەنـدە باوەڕیـان بەخـۆ هەبـوو کە دەچـوون بۆشـەڕ هەمیشـە بەگـۆرانی و هەڵپەڕکـێ و ئاهەنـگ گێـڕانەوە و بەتەپڵـی جەنـگ و گـۆرانی و حەیـران و شمشـاڵ لێـدانەوە دەچـوون بـۆ شـەڕ ( شـێخ ڕاغـب ، 2022 ، 46 ) . ئەمەش سـەلمێنەری ئەو ڕاسـتیەیە کەوا هەر لە دێـر زەمـانەوە موزیـک و گـۆرانی گرینگـی تـایبەتی خـۆی هەبـووە لەم دەڤەرە دا بەتـایبەت لەجەنگـدا، و بەکارهێنـانی ئـامێرە موزیکیەکـان بـۆ بەرزکـردنەوەی ورەی جەنگاوەرەکـان ( بۆچونی توێژەر ) .

دوابەدوای ئەو ئاڵۆزیانەی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و ئەمیرخان یەکێک لە فەرماندەکان بەناوی ( ئەحمەد خان) لە میر یاخی دەبێت و سەرچاوەی ئاوی قەڵا بۆ دوژمن ئاشکرا دەکات (لەهەندێک لەسەرچاوەکان دەڵێن شوانێک بوو ) ، و بۆماوەی 20 رۆژ دەست بەسەر سەرچاوەکە دەگرن . توانیان بەرگە بگرن لەو ماوەیەدا بەبێ ئاوی ، بەڵام بەهۆی بارینی بارانێکی زۆر توانرا تا چەند مانگێکی تریش خۆیان رابگرن ( انترنێت ١٦ ) . لەدوای شەڕی چەند مانگەی نێوانیان بەهۆی کەمبونەوەی چەک و تەقەمەنی ، ئەمیرخانی لەپزێڕین نامەیەکی ئاڕاستەی والی ئازەربایجان ( میر پیربداغ بەگ) کرد وەک پلانێک ، پێی راگەیاند ئەگەر بەڵێنی پێبدەن و نەیکوژن خۆی رادەست دەکات (انترنێت ١٧). لەدوای ئەوەی کە رێک کەوتن میر بوە میوانی والی ئازەربایجان ، بەڵام سەر لەشکری سەفەویەکان بەناوی(مەحەمەد بەگی بێگدلی) ئەیویست بیکوژێت ، هەر بۆیە میر ناوچەکەی بەجێ هێشت و دوبارە بوو بە شەڕ و پێکدادان و دەستی پێکردەوە (انرتنێت١٨). ئەلیاس خەلیفەش لەلایەن خان ابداڵ بەگی موکری کوژرا ، کارەکە ئالۆز تر بوو و ئەوانیش هێرشیان کردە سەر خانی موکری و خۆی و سەربازەکانی کوژران . لەدوای ئەم کێشەیە ئەمیرخان و خانەوادەکەی و چەکدارەکانی گواسترانەوە بۆ ئوردوگای شا عباس لەمەراغە. دواتر ئەمیرخانیان شەهید کرد ( برادۆستی ، 2021 ، 93 ). زۆرێک لەسەرچاوەکان واباسی مردنی ئەمیرخان و دار و دەستەکەی دەکەن کەوا بەشێوازێکی خۆکوژیانە ئاگریان لەقەڵاکە بەرداوە و خۆیانیان تیایدا سوتاندووە تاوەکوو نەکەونە ژێر دەستی دوژمنان و سەرشۆڕیان بۆ شای سەفەویەکان قەبووڵ نەکردووە. لەکتێبی (شەهیدانی قەڵای دمدم) ی مستەفا ساڵح کەریم دا ، بەمەبەستی هاوکاری کاتێک قەڵای دمدم بەرەو روخاندن ئەچوو ، مەلای بادینی بەخۆی و ٣٠ هەزار سەرباز بەرەو پشتیوانی ئەمیرخان بەڕێکەوتن . بەڵام میر و جەنگاوەرانی قەڵای دمدم بێخەبەر بوون لەم پشتیوانیە، بە فروفێڵی رێک کەوتن ئەمیرخان و سەربازەکانی لەقەڵا هێنرانەخوارەوە رێک کەوتن نامەیان واژوو کرد. ئەو رێک کەوتن نامەیە تەنیا بۆ ئەوەبوو مەلای بادینی و سوپا ٣٠ هەزاریەکەی پێ هەڵبخەڵەتێنن. ئەوەبوو رێکەوتن نامە مۆرکراوەکە بردرا بۆ لای مەلای بادینی کەوا شەڕ نەما و ئاشتی بەرپابوو . هەردوای ئەوە هەندێ لە پیاوەکانیان ناردە لای ئەمیرخان و هەندێ سەرداری برادۆستیشی تێدابوو کەوا داوایان لێ کردن چەکەکانیان دابنێن و دنیا گەرمە و ماندوو ئەبن. بەڵام ئەوان لەوە تێگەیشتن کە دوژمن نیازێکی باشیان نییە و هەر بۆیە جەنگێکی دەستەو یەخەیان لەگەڵ یەک کرد و لەو جەنگەدا ئەمیرخان و دارو دەستەکەی کوژران ( کەریم ، 1960، 31 - 32 ).

## تەوەرەی پێنجەم

### کاریگەری شۆرشەکانی کورد لەسەر موزیکی دەڤەرەکە :

گەلــی کــورد خــاوەنی نەریتێکــی دەوڵەمەنــدە لە بەکارهێنــانی گــۆرانی و موزیــک وەک تــوخمێکی ســەرەکی و دانەبــڕاوە لە بــزووتنەوە شۆڕشــگێرییەکانیدا. موزیــک ڕۆڵێکــی بەرچــاوی هەبــووە لە دەربڕینــی ناســنامەی کــوردایەتی، بەرەنگــاربوونەوەی ســتەم و خەبــات بــۆ ئــازادی و ســەربەخۆیی (ڕای تــوێژەر) . فەیلەســوفی یۆنــانی ئــەفلاتون دەڵێــت ((دەبــێ مۆسیقا بەچەشـنێک بێـت کـە بـۆ دیسـپلینی سـەربازی بگونجێـت هـەروەها دەبێ ببێتـە پاشـکۆی سیاســەت و ڕەوشــت)). هەر لەو بــارەیەوە ئەرســتۆ دەڵێــت ((ئەوانــەی گــۆرانی دائــەنێن و ئــەیڵێن زۆر زۆر لەوانــەی قــانون دروســت دەکــەن بــەهێزترن)) کەواتە موزیــک و گــۆرانی و ســروود رۆڵێکــی بەرچاویــان هەیە لەبەرزکــردنەوەی ورەی ســەربازەکان و کــاریگەری راستەوخۆی هەیە بەسەر شۆڕشی گشت میللەتان.

ئەگەر باســی دەڤەری برادۆســت بکەیــن لەم رووەوە ، خەلکــی نــاوچەکە بەتەواوەتــی پشــتیوانی شۆڕشــەکانی گەلــی کــوردی کــردووە ، بۆنمــوونە یەکێــک لەگەورەتــرین داســتانەکان داســتانی (خواکــورک ) کە لەدەڤەری برادۆســت تۆمــار کــراوە ســەرکەوتنێکی گەورەی پێشـمەرگەبوو. هەروهــا هونەرمەنــدانیش بێــبەری نەبــوونە لە هاوکــاری کردنــی شۆڕشــەکانی گەلەکەمــان. بەهــۆی ئەو هەســتەی کە خەلــکەکە هەی بــوو بەهەمــوو شــێوازێک پشــتگیری ئەم شۆڕشــانەیان کــردووە، بۆنمــونە دایکێکــی بەتەمەن ئەگەر هیچیشــی لەدەســت نەهاتبــا نــان و ئــاوی بـۆ شۆڕشـگێرەکان ئامـادە ئەکـرد یـان چەکـی بـۆ دەبـردن ، لەم ڕوەشـەوە گـۆرانی بێـژ بەردەوام گــۆرانی و ســروودیان بــۆ پاڵپشــتی پێشــمەرگە دەوت بەمەبەســتی بەرزکــردنەوەی ورەیــان ، شــاعیرەکانیش بەهۆنراوەکــانی پاڵپشــتی لە شــۆڕش دەکــرد بــۆ هەمــان مەبەست(وەســمان ، جــابر، 2024) ( چــاوپێکەوتن ).لە یەکێــک لە چاوپێکەوتنەکــانی تــوێژەر لەگەڵ بەرێــز ( مەزهەر ســعید ) هونەرمەنــدی ئەم دەڤەرە بەم شــێوەیە لەبــارەی ڕۆڵــی موزیــک و گــۆرانی دوا: خەلکــی ئەو دەڤەرە زۆر حەزیــان بەگــۆرانی شۆڕشــگێری بــوو وەکــو هونەرمەنــدی نەمــر ( ســعید گابــاری ، شــڤان پەروەر،شــەریڤانا کــوردی هتــد... ) بەتــایبەتی هونەرمەنــدەکانی بــاکوری کوردســتان خەلــکەکە زۆر گــوێگری بــوو هونەرمەنــدی میللـیش هەبـوون ئەوکـاتی وەک (میـران هەرکـی و سـەفەری نەقەبـی دلاوەر بـارەکی و احمـد زێبــاری ) ئەو هونەرمەنــدانە خەلکێکــی زۆر گــوێی لــێ ئەگــرتن وە زۆر حەزیشــیان بەلاوک و حەیران بوو( سعید، مەزهەر، 2024) ( چاوپێکەوتن ).

## تەوەرەی شەشەم

### ڕۆڵی موزیک لەبۆنە و ئاهەنگە کەلتوریەکانی دەڤەرەکە :

ئەوەی جێگـــای دڵخۆشـــیە خەلکـــی ئەم دەڤەرە بەرادەیەکـــی بـــاش متـــابعەی موزیـــک گـــۆرانی دەگەن ،بەتـــایبەت ســـاڵانە لەم دەڤەرە ڤیســـتیڤاڵی نەورۆز و یـــاد کـــردنەوەی زۆرێـــک لەبـــۆنە نیشـــتیمانیەکان دەکەن لەکـــۆی گشـــتی ئەوانە خەلکـــی دەڤەرەکە لە ڤیســـتیڤالەکان بەتـــایبەتی چـــاوەڕێی بـــڕگەی گـــۆرانی و موزیـــک دەکەن تـــاڕادەیەکی بـــاش هـــونەر بەتـــایبەت موزیـــک شـــوێنی خـــۆی کـــردۆتەوە لە گشـــت بـــۆنە تایبەتەکـــان لەهەمـــوو کـــار و چالاکیەکـــان بـــرگەی ســـــەرەکی موزیـــــک و گۆرانیە(وەســـــمان، جـــــابر ، 2024)(چـــــاوپێکەوتن). خەلکـــــی بەتـــامەزرۆییەوە چـــاوەڕێی ئەوەبـــوون بـــزانن چ هونەرمەنـــدێک هـــاتووە بـــۆ ڤیســـتیڤاڵەکەیان ، بەڵام بەهۆکـــاری جیاجیـــا لەو چەنـــد ســـاڵەی رابـــردوو بەداخەوە ڤیســـتیڤاڵی گەورە کە تـــایبەت بوو بەدەڤەری برادۆست و سیدەکان زیاتر لە ٢٦ی مانگی ئازار دەکران نەکراون .

لەرووی رۆشـــنبیری هونەریشـــەوە لەئێســـتادا باشـــترە وەک لەجـــاران خەلـــک لەهـــونەر تـــێ دەگـــات گـــوێ لەگـــۆرانی ئەگـــرن و لەگۆرانیەکـــان تـــێ ئەگەن بەتـــایبەت لەگەڵ فـــراوان بـــوونی تـــۆڕە کۆمەڵایەتییەکـــان گـــوێگری جیـــا جیـــا پەیـــدابووە لەم دەڤەرەدان( ســـعید ، مەزهەر ، 2024) ( چاوپێکەوتن ).

بەڵام لە پێشـــوودا بەهـــۆی بـــوونی شـــەڕ و کێشـــە و ئەو ئاســـتەنگیەی کە هـــاتوتە بەردەم گەلـــی کـــوورد ، خەلکـــی ئەم دەڤەرەش چـــونکە نـــاوچەیەکی سەرســـنوورییە و لەنێـــوان ســـێ وڵات دایە خەلـــکەکە بەدوای ئەوەوە بـــوون خۆیـــان بپـــارێزن و بژێـــوی ژیانیـــان پەیـــدا بـــکەن ، نەیـــانتوانیوە بەشـــێوازێک لەشـــێوازەکان دەســـت بـــۆ کـــۆمەڵێ بـــابەتی وەک شـــارەزا بـــوون لەموزیـــک و هـــونەر تەنـــانەت هەنـــدێک لە خەلکـــی ئەوکـــات نەیـــان توانیـــوە بـــش خـــوێنن تـــاوەکوو شـــارەزایی لە هـــونەر پەیـــدا بـــکەن ، وە نەبـــوونی پەیمانگـــایەکی هـــونەری لەنـــاوچەکە هۆکـــارێکی تـــر بـــووە بـــۆئەوەی لەرووی رۆشـــنبیری هـــونەریەوە زیـــاتر بەرەو پـــێش بچـــن ( وەســـمان ، جـــابر، 2024) (چـــاوپێکەوتن ). بەپێـــی لێکـــدانەوەی تـــوێژەر بـــۆی دەرکەوت کەواخەلکـــی ئەم دەڤەرە بەگشـــتی گـــوێگری موزیـــک و گـــۆرانین هەروەهـــا لەرووی ڕۆشـــنبیری هونەریشـــەوە تـــاڕادەیەک باشـــن وەک گـــوێگر بەڵام لەڕوی کـــاری مـــوزیکی بەهۆکـــاری کێشـــەکانی کـــورد و نەبـــوونی پەیمانگـــایەکی هـــونەری لەم دەڤەرەدا وەک زۆربەی ناوچەکـــانی کوردســـتان بێنـــاز کەوتووە لەچوارچێوەیەکی ئەکادیمی هونەری(ڕای توێژەر).

## بەشی سێیەم

## چوارچێوەی رێكارەكانی توێژینەوە

یەكەم : ئەركی توێژەران لە كاتی گەڕان لەناو كۆمەلگای توێژینەوە

دووەم : كۆمەڵگای توێژینەوە

سێیەم : كەرستە وئامێرەكانی توێژینەوە

چوارەم : نمونەی توێژینەوە

پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە

شەشەم : ئاستەنگەكانی توێژەر لە توێژینەوە

حەوتەم : بونیاد و پێكهاتەی نمونەیی گۆرانیەكان

هەشتەم : تەوەرەی ڕیتم

نۆیەم : تەوەرەی میلۆدی

## ئەرکی توێژەران لەکاتی گەڕان لەناو کۆمەڵگای توێژینەوە :

لەگەڕان و کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆتوێژینەوەکانیان ، پێویستە توێژەران بەرپرسیارانە ڕەچاوی کۆمەڵێک بابەتی گرینگی ئەخلاقی بکەن بەرامبەر خەلکی ئەو ناوچانەی کە توێژینەوەکانیان تیایدا ئەنجام دەدەن ...

لەوانە :

1 - پێویستە توێژەر بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ خەلکی ئەوناوچانە بکات و ڕێز لە کەلتوور و تایبەتمەندی و پیرۆزیەکانی ئەو ناوچانە بگرێت .

2 - توێژەر هەر چەند شارەزا و لیهاتوو بێت نابێت بەزانیاریەکانی خۆی بسەپێنێت بەسەر خەلکی ناوچەکەدا دەبێ گوێ لەوان بگرێت و زانیاریە دەستکەوتووەکان وەک خۆی بگەیەنێت وزانیاریەکانیان بە بێ بایەخ هەژمار نەکات .

3 - گرینگترین شت کە توێژەران ئەبێ ڕەچاوی بکەن کاتە ، پێویستە عەینە ( نمونە) واتە ئەوکەسەی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکەی خۆی کاتێکی گونجاو دیاری بکات .

4 - هەڵبژاردنی پرسیاری گونجاو و ئاسان تاوەکوو خەڵکەکی کۆمەڵگاکە توشی نارەحەتی نەبێتەوە .

5 - گرینگە توێژەر پەیوەندیەک ئەگەر پتەویش نەبێت دروست بکات لەگەڵ کۆمەڵگاکە بۆ ئاسودەیی هەردووک لا .

ئەم خالانە ئەزموونکردن و خوێندنەوەی توێژەرە لەو زانیاریانەی کە لەکاتی گەرانە مەیدانیەکان و دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای توێژینەوە دەستی کەوتووە .

## دووەم : کۆمەڵگای توێژینەوە

لەمیانەی توێژینەوەدا توێژەر هەندێک لەو بابەت و گۆرانیە فۆلکلۆریەکان و میللیەکانی دەڤەری برادۆستی دەستبژێر کردووە کە لەکۆمەلگاکەدا باون هەروەها خۆی لە چوار نمونەی گۆرانی دەبینێتەوە.

## سێیەم : کەرستە وئامێرەکانی توێژینەوە

لەکاتی کارکردن و لەسەر تویژینەوە نوسینەوەی ، تویژەر کۆمەڵێک ئامێر و بەرنامەی بەکار هێناوە . وەک : مۆبایل Ridmi note 11 pro ، لاپتۆپ Dell ، بەرنامەکانی Sibeluis و Maestro ی بەکار هێناوە بۆ نوسینەوەی نۆتەکان ، بەکارهێنانی پێنوس و تێنوس لەکاتی وەرگرتنی زانیاری و نوسینی بە تێبینی ، ئامێری ساز بۆ زیاتر تێگەیشتن لە میلۆدیە بەردەستەکان .

## چوارەم : نمونەی توێژینەوە

دیاری کردنی نمونەکان ، تویژەر لەناو کۆمەڵگای تویژینەوەکەدا دیاری دەکات کە دەڤەری برادۆستە .

## پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە

شێوازی رێبازی وەسفی شیکاری بەکارهاتووە ، بەپشت بەستن بە گەرانی مەیدانی .

## شەشەم : ئاستەنگەکانی توێژەر لە توێژینەوە

تویژەر لەم تویژینەوەیەدا کۆمەڵێک ئاستەنگی بەرچاوی هاتە ڕێ کە کاری لەسەر توێژینەوەکە کرد. ئاستەنگەکان بریتی بوون لەمانە :

1- نەبونی کاتی پێویست بۆزیاتر قوڵبوونەوە لەکۆمەڵێک بابەتی گرینگی ناو توێژینەوەکە کەپێویستی بە رونکردنەوەی زیاتر بوو .

2- ئامادە نەبوونی کەسەبەتەمەنەکان کە گۆرانی بڵێن و زۆر کەسیش ئامادە نەبوو تەنانەت باسی موزیک و گۆرانیشی لەگەڵ بکەی .

3- سەختی رێگاوبان و دوری ناوچەکە وای کرد تویژەر نەتوانێ بەتەواوی لەگەڵ کۆمەلگای توێژینەوە تێکەڵاوی دروست بکات بۆئاسان تر کردنی کارەکانی .

4- لەکـــاتی هـــاتنی وادەی دەســـتپێکردنی گەڕانە مەیـــدانیەکان ، مـــانگی پیـــرۆزی ڕەمەزانـــیش لەهەمـــان کـــات دا هـــات و لەدوای ئەویـــش هـــاتنی جەژنـــی ڕەمەزان . توێژەر نەیتوانی سوود لە پشووەکانی بەهار ببینێت بۆ کردنی کارە مایدانیەکانی .

## حەوتەم : بونیاد و پێکهاتەی نمونەیی گۆرانیەکان

| ژ | ناوی بەرهەمەکان | گوتنی | جۆری گۆرانی | ساڵی تۆمارکردن | جۆری بابەتەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کوردستانێ | مەزهەر سعید | نیشتیمانی | 2015 | فۆلکلۆری |
| 2 | دەچێکەن چێکەن | ئەیاد موسا | ئەڤینداری | 2021 | میللی |
| 3 | مەندانێ | ئەحمەد مەندانە | ئەڤینداری | 1989 | فۆلکلۆر |
| 4 | لەلمن غەریبێ | ئەیاد موسا | غەریبی | 2021 | فۆلکلۆر |

**1- کوردستانێ** ئاواز و هۆنراوە : فۆلکلۆر

کوردستانێ کوردستانێ وتنی : مەزهەر سعید

جهێ شێر و عەگیدانێ قەزای سیدەکان 2015

هەمی کار دکەن ژ بۆ تە

با خلاسبێ بن دەستانێ

هەمی شەڕ دکەن ژ بۆ تە

با خلاسبێ بن دەستانێ

کوردستانە خێر و بێرە

هەمی بەفر و زیو و زێرە

دەشت و چیا زۆزانێ مە

هێلینا پلنگ و شێرا

دەشت و چیا زۆزانێ تە


هێلینا پلنگ و شێرا

**نۆتەی گۆرانی**



**مەقامی بەیات (٣٣٤٤٢٤٤)**

ئەم مەقامە وێنا کراوە لەسەر پلەی (حوسەینی ) ، لەسەر چوون پێکدێت لە دوو رەگەزی سەرەکی (رەگەزی بەیات ) لەسەر پلەی (حوسەینی) ، لەگەڵ (رەگەزی کورد) لەسەر پلەی بۆسەلیک .




تێبینی : سی بیمۆل لەم وێنەیە گوزارشت لە سی نیو بیمۆڵ دەکات .

**شیکردنەوەی گۆرانی (کوردستانێ)**

**1 - تەوەری ریتم**

ا – ریتمی سامبا ( دەهۆڵی)


ب – کێشەکەی : ( ٢/٤)

ج – خێرایی : خێرایی ڕێژەیی میترۆنۆم (نواڕێک یەکسانە بە ٩٥ یەکەی چرکە mm)

د – ریتمی ناواوه



**ر – فیگەری ڕیتمی**




**تەک تەک　　دم تەک تەک　　دم**

## 2- تەوەرەی میلۆدی

ا – پێکهاتەی مۆتیف :



**ب –** بنیات و شێوازی میلۆدی : لەدوو تێم پێک دێت لەزمانی موزیکیدا بە بیناری ناو دەبرێت کە ئەو دوو تێمە بە دوای یەکدا دێن ، تێمی A و تێمی B ، پێکهاتەی تێمەکان بەم شێوەیەیە : ( A-B) هەرتێمەو لە چوار باڕ (مازورا ) پێکهاتووە . لەدوای سێکندا ڤۆلتە قەفڵەی میلۆدیە .



**ج – بەرزی و نزمی دەنگ (pich)**

1 - دەنگی دەستپێک (سی نیو بیمۆڵ)(Bb2).

2 - دەنگی کۆتایی ( لا) (A2).

3 - بەرزترین دەنگ (ڕێ)(D2).

4 - نزمترین دەنگ (سۆڵ)(G2).

**د – پێکهاتەی میانەکان (Intervals) :**

1- میانەی یونسن = ١

2- میانەی دوانی سەرچوو = ١٤

3- میانەی دوانی خوارچوو = ٩

4- میانەی سیانی سەرچوو = ١

5- میانەی سیانی خوارچوو = ٣

**3- تەوەرەی چڕین**

ا – بەکارهێنانی نەخش (ئۆرنەمێنت): شێوازێکی سادەی هەیە میلۆدیەکە .

ب – بەکارهێنانی ڤێبراتۆ : ڤێبراتۆ بەکار نەهاتووە .

ج – درێژکردنەوە و کورت کردنەوەی دەنگەکان : زۆربەی دەنگەکان کاتی خایاندنیان هەمان شتە .

د – شوێنەکانی هەناسە دان : لەهەر تێمەو یەک شوێنی هەناسەدان هەیە و لەکۆتاییشدا (قەفڵە) شوێنێکی هەناسەدان هەیە ، ئەم شوێنی هەناسەدانە بۆ ئەوەیە کە گۆرانیەکە چەند کۆپلەیەکە بەڵام لێرەدا نمونەیەک لە گۆرانیەکە وەرگیراوە .

**شیکردنەوەی تێکست**

ا – تێکستی ئەم گۆرانیە فۆلکلۆرە و بەدەنگی مەزهەر سعیدەوە چڕاوە ، لەسەر ڕەگەزی یەکەمی مەقامی بەیات .

ب – جۆری تێکست / جۆری تێکستی ئەم گۆرانیە لە جۆری نیشتیمان پەروەریە .

**2- دەچێکەن** ئاواز و هۆنراوە : میللی،خدر فەقیر

دە چێکەن چێکەن لێ دینێ کەبرۆکا چێکەن ڕەبەنێ وتنی : ئەیاد موسا

دە چێکەن چێکەن لێ دینێ کەبرۆکا چێکەن گوندی پەنجاڕ 2021

کراسێ گەورێ تۆرینێ بەلگێ گولێ کەن رەبەنێ

کراسێ گەورێ نارینێ بەلگێ گولێ کەن

گولا من تۆرینە گولان ژ ئامێدیێ ب ڕێ کەن ڕەبەنێ


گولا من جوان یێ نارینێ شنگالێ ب ڕێکەن.

**نۆتەی گۆرانی دەچێکەن**



## مەقامی بەیات (٣٣٤٤٢٤٤)

ئەم مەقامە وێنە کراوە لەسەر پلەدەنگی (ڕاست)، لەسەرچوندا لەدوو رەگەزی جیاواز پێک دێت یەکەم (رەگەزی بەیات) لەسەر پلەی ڕاست ، دووەم (رەگەزی کورد) لەسەر نەوا .




## شیکردنەوەی گۆرانی (دەچێکەن)

### 1- تەوەرەی ریتم

ا – ریتمی گوڵشەینی (جۆرجینا) .

ب – کێش : (٥/٨).

ج خێرایی رێژەیی میترۆنۆم( نوارێک یەکسانە بە 100 یەکەی چرکە MM).

د – ریتمی ناوەوە



ر – فیگەری ریتم




**2- تەوەری میلۆدی**

ا – پێکهاتەی مۆتیڤ



ب – بنیات و شێوازی میلۆدی : ئەم میلۆدیە لە دوو تێم پێک دێت ، کە بەم جۆرەیە :

( A – B ) هەر تێمەو چوار باڕ ( مازورا)یە. گۆڕانکاریەکان لە تێمی B دەستپێدەکات و قەفڵە لەتێمی B یە.



ج – بەرزی و نزمی دەنگ (pich)

1- دەنگی دەستپێک (C).

2- دەنگی کۆتایی (C).

3- بەرزترین دەنگ (G).

4- نزمترین دەنگ (C).

د – پێکهاتەی میانەکان ( intervals)

1- میانەی یونسن = ١٥

2- میانەی دوانی سەرچوو = ٥

3- میانەی دوانی خوارچوو = ١١

4- میانەی سیانی خوارچوو = ١

5- میانەی چواری سەرچوو = ١

**3- تەوەری چڕین**

ا – بەکارهێنانی نەخش ( ئۆرنەمێنت) : هیچ ئۆرنەمێنتێک بەکارنەهاتووە و شێوازێکی سادەی هەیە ئەم میلۆدیە ، کەوانی بەستن بەکار هاتووە بەڵام وەک گوزارشت ( ئارتیکولەیشن) مامەڵەی لەکەڵ دەکرێت .

ب – بەکارهێنانی ڤێبراتۆ : ڤێبراتۆ بەکار نەهاتووە .

ج – شوێنی هەناسەدان : لەکۆتایی هەردوو تێمەکە شوێنی هەناسەدانی هەیە و ئاماژەی پێکراوە .

**شیکردنەوەی تێکست**

ا – تێکستی ئەم گۆرانیە دانراوە ، لەلایەن هونەرمەندی ئێزیدی خدر فەقیر وتراوە.

ب – جۆری تێکست : تێکستی ئەم گۆرانیە ئەڤینداری و پێدا هەڵگوتنە .

## 3- مەندانە

ئاواز و هۆنراوە : فۆلكلۆر

وتنی : ئەحمەد مەندانە

دەڤەری برادۆست : 1989

مەندانە مەندانە هۆ مەندێ من

مەندێ كچێ كوردانە لێ مەندێ من

مەندانە مەندانە هۆ مەندێ من

مەندێ كچێ كوردانە لاوندێ من

مەندانە مەندانە هۆ هۆ مەندێ

مەندانە مەندانە شارۆ مەندێ

ئەوشەو شەو بەهار هۆ مەندێ من

یارێ من نازدارە لێ مەندێ من


دە گوێی دایە گوارە هۆ مەندێ من

چەن شۆخۆو نازدارە لاوەندێ من

مەندانە مەندانە هۆ هۆ مەندێ

مەندانە مەندانە شارۆ مەندێ

**نۆتەی گۆرانی مەندانە**



**مەقامی عەجەم ( ٤٤٢٤٤٤٢ )**

ئەم مەقامە لەسەر پلەی (عەجەم) وێنە کراوە ، لە سەرچوون لەدوو رەگەزی سەرەکی پێکدێت یەکەمیان ( رەگەزی عەجەم ) لەسەر پلەی عەجەم ، دوەمیشیان ( رەگەزی عەجەم ) لەسەر پلەی چوارگا.




**شیکردنەوەی گۆرانی (مەندانە)**

**1- تەوەری ڕیتم**

ا – ریتمی رۆیین (فۆکس) .

ب – کێش (٢/٤) .

ج – خێرایی : خێرایی ڕێژەیی میترۆنۆم ( نوارێک یەکسانە بە 98 یەکەی چرکە (MM .

د – ڕیتمی ناوەوە




ر – فیگەری ڕیتم

دم تەک تەک دم تەک




**2- تەوەری میلۆدی**

ا – پێکهاتەی مۆتیڤ :




ب – بنیات و شێوازی میلۆدی : ئەم میلۆدیە لەدوو تێم پێکهاتووە کە بە ( A-B) ناونراوە هەرتێمە و لە سێ باڕ پێک هاتووە. بنیاتی رستەکان (باڕ (مازورا)ی یەک و دوو و سێ دەگرێتەوە و گورانکاریش لەتێمی دووەم رودەدا لە باڕ(مازورا)ی چوار رودەدات ، قەفڵەی میلۆدی دەکەوێتە تێمی دووەم باڕی کۆتایی دوای ئەنجام دانی دوبارەبونەوە.




ج – بەرزی و نزمی دەنگ ( pich)

1- دەنگی دەستپێک (C).

2- دەنگی کۆتایی (A).

3- بەرزترین دەنگ (C).

4- نزمترین دەنگ ( E).

د – پێکهاتەی میانەکان

1. میانەی یونسن = ١٠
2. میانەی دوانی سەرچوو = ٤
3. میانەی دوانی خوارچوو = ٤
4. میانەی سیانی خوارچوو = ١
5. میانەی چواری سەرچوو= ١
6. میانەی چواری خوارچوو = ١

**3- تەوەری چڕین**

ا – بەکارهێنانی نەخش (ئۆرنەمێنت):ئەم میلۆدیە لەمازورای دووەم کەوانی بەستنی تیادا بەکارهاتووە لەمۆتیڤی یەکەم ، لەکۆتایی مۆتیڤی یەکەم و کۆتا نۆتەی مازورای سێیەم ترێل دەبیسترێت .

ب – ڤێبراتۆ: بەکارنەهاتووە .

**شیکردنەوەی تێکست**

ئەم تێکستە تێکست و هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردیە لەلایەن هونەرمەند احمد مەندانە وە وتراوە و جۆری تێکستەکە ئەڤینداریە .

**4- لەلمن غەریبێ** ئاواز و هۆنراوە : فۆلکلۆر

وتنی : ئەیاد موسا

گوندی پەنجاڕ 2021

هەی لەلمن غەریبێ

هەی لەتە غەریبێ

بێ تەلح و نیسیبم

خودێ نەکە کەس بێ خوادێ ب

بێ تەلح و نیسیبم

خودێ نەکە کەس بێ خوادێ ب

غەریب کی چ گۆتۆ

دەلالێ چ گۆتۆ

جۆتیار چۆنۆ کۆتۆ غەریبێ


کەمبەر دیکوتۆ

**نۆتەی گۆرانی**




**مەقامی بەیات (٣٣٤٤٢٤٤)**

ئەم مەقامە لەسەر پلەدەنگی (ڕاست) وێنەکراوە لەسەرچوندا لەدوو رەگەزی سەرەکی پێکدێت . یەکەم (رەگەزی بەیات ) لەسەر راست ، دووەمیان (رەگەزی کورد)لەسەر نەوا.



**شیکردنەوەی گۆرانی**

**1- تەوەری ریتم**

ا – ریتمی گوڵشەینی (جۆرجینا).

ب – کێش : (٥/٨)

ج – خێراییەکەی یەک نوار یەکسانە بە 108 جۆری تیمپۆی مۆدێراتۆ .

د – ڕیتمی ناوەوە



ر – فیگەری ریتم



**2- تەوەری میلۆدی**

ا – ئەم میلۆدیە بەشێوەیەکی سەرەکی لە دوو تێم پێکهاتووە (A-B).

ب – بەرزی و نزمی دەنگ (pich)

1- دەنگی دەستپێک ( Bb).

**2-** دەنگی کۆتایی (C).

**3-** بەرزترین دەنگ (G).

**4-** نزمترین دەنگ (Bb).

ج – پێکهاتەی میانەکان (intervals)

1- میانەی یونسن = ٤

2- میانەی دوانی سەرچوو =٣

3- میانەی دووانی خوارچوو=١٠

4- میانەی سیانی سەرچوو=٢

5- میانەی سیانی خوارچوو =١

6- چواری سەرچوو= ٢

**3- تەوەری چرین**

ا – بەکارهێنانی نەخش (ئۆرنەمێنت ) : میلۆدیەکە شێوازێکی سادەی هەیە ئۆرنەمێنتی تیادا بەکار نەهاتووە .

ب – بەکارهێنانی ڤێبراتۆ : بەکار نەهاتووە

**شیکردنەوەی تێکست**

تێکست و هۆنراوەی ئەم میلۆدیە فۆلکلۆرە ، جۆری تێکستی ئەم گۆرانیە غەریبیە .

# بەشی چوارەم

# چوارچێوەی ئەنجامی توێژینەوە

## یەکەم:ئەنجام

## دووەم : دەرەنجام

## سێیەم : پێشنیار

## چوارەم : ڕاسپاردە

## پێنجەم : سەرچاوە

## شەشەم : پاشکۆ

## ئەنجامی توێژینەوە

لەئەنجـــامی ئەم تـــوێژینەوەیە دا تـــوێژەر بـــۆی دەرکەوت کەوا تەواوی ئەو گۆرانیـــانەی کە لەدەڤەری برادۆســـت هەن شـــاکارێکی هـــونەری بەرزن کە لەگـــوێی مرۆڤـــدا شـــوێنی خـــۆی دەکـــاتەوە و ناســـنامەی گەلـــی کـــورد دەر دەخـــات ئەگەر چـــی لەرووی میلـــۆدیەوە ســـادە و ساکارن، بەڵام سادەو ساکاریەکی پر لەهەیبەت و شکۆمەندی گەلی کورد.

تـوێژەر لەئەنجـامی توێژینەوەکەیـدا تـوانی کۆمەڵێـک بـابەتی هەمەجـۆر لەگـۆرانی و زانیـاری تـــایبەت بە دەڤەرەکە کۆبکـــاتەوە و بیـــان نوســـێتەوە بەشـــێوازێکی زانســـتیانە ، دەتـــوانرێ کتێبخانەی کوردی زیاتر پێ دەوڵەمەند بکرێ.

ئەگەر بێـت و سـەیری رۆڵـی گـۆرانی دەڤەری برادۆسـت بکەیـن دەبینـین کەوا لەپێشـتر دا رۆلێکـی یەکجـار گرینگـی هەبـووە لە شۆڕشـەکانی گەلـی کـورد شـان بەشـانی شۆڕشـگێڕان و شاعیران رۆلی لە پاڵپشتی کردنی شۆڕشەکان هەبووە.

لەکـۆی گشـتی ئەم تـوێژینەوەیە تـوێژەر گەیشـتە ئەنجـامی ئەوەی کە گەرانـی مەیـدانی کـارێکی یەکجـار گـرینگە بـۆ کـۆکردنەوەی گـۆرانی فۆلکلـۆری نەتەوەیـی، چـونکە گەرانـی مەیـدانی دەسـت لەسـەر کرۆکـی بـابەتەکە دادەنێـت و دەستنیشـانی گرینـگ تـرین و وردتـرین بابەتی ناو کۆمەلگا دەکات.

## دەرەنجامی توێژینەوە

لەدەرەنجــامی شــیکارکردنی ئەو میلــۆدی و گۆرانیــانەی دەڤەری برادۆســت کە دەنگبێژانــی ئەم دەڤەرە چڕیویــانە ، تــوێژەر بــۆی دەرکەوت کەوا دەنگبێژەکــان مەقــامی تەواویــان بەکارنەهێنــاوە کە مەقــام لە هەشــت دەنگــی ســەرەکی پێــک دێــت بەڵکــو تەنهــا لە چــوار دەنگــی یەکەمــی کەمەقامەکــانی پــێ دەناســرێ کە تیتراکــۆردی خــوارەوەی مەقــامەو ئەدای تێکســت و میلۆدیەکانیــان کــردووە . هەروەهــا تــوێژەر هەولــی داوە کەوا بەرپرســیارانە مــامەڵە لەگەڵ میلــۆدی و گــۆرانیە فۆلکلۆریەکــان بکــات و داخــوازی ئەوەیە لەداهــاتوودا زیــاتر کاریــان لەســەر بکــات . تــوێژەر ئەم بــابەتی گــۆرانی فۆلکلــۆری و میللــی دەڤەری برادۆســت تــوانی بــۆیەکەم جــار و یەکەم کەس تــوێژینەوە لەســەر بکــات و بەهەوڵ و مانــدوبونێکی زۆر خــۆی و یــــارمەتی بەردەوامــــی سەرپەرشـــتیاری تـــوێژینەوەکەی بـــۆ بەئەنجـــام گەیانـــدنی ئەم تــوێژینەوەیە. بەوهیــوایەی تــوێژەر لەئاســت ئەو بەرپرســیاریەتە گەورەیە بوبێــت و تــوانیبێتی دڵۆپێـــک لەدەریـــای هـــونەری گـــۆرانی فۆلکلـــۆری کـــۆکردبێتەوە کەتـــایبەتە بەدەڤەری برادۆست.

## پێشنیار

1- پێشنیار دەکەم بۆ ئەوکەسانەی کەلەداهاتوودا تویژینەوە لەسەر ئەو فۆڕم و گۆرانیانەی کەوا من پێیان نەگەیشتووم و لە تویژینەوەکەدا ئاماژەم پێ نەکردووە هیوادارم ئەوان بتوانن کۆیان بکەنەوە بەدەستی بهێنن لەداهاتوو دا.

2- هیوادارم ئەم تویژینەوەیە ببێتە سەرچاوەیەکی سودبەخشی زانستی بۆ ئەوکەسانەی کەوا لەدوای ئەم تویژینەوەیە کار لەسەر هەمان بابەت دەکەن.

3- پێشنیارم بۆ ئەوکەسانەی کە لەسەر موزیک و گۆرانی دەڤەری برادۆست کاردەکەنەوە بۆجارێکی تر زۆر گرینگی بە لایەنی تری وەک هونەری چڕینی کوردی بدەن کە لەم دەڤەرەدا زۆر باوە بەڵام بەهۆی ناونیشانی تویژینەوەکەم ئاماژەم پێیان نەداوە.

## راسپاردە

تویژەر لەژێر ڕۆشنایی تویژینەوەکەیدا ئەو راسپاردانە دەخستە روو :

1- داواکارم لەشارەزایانی موزیک و موزیک ژەنانی دەڤەری برادۆست و سەنتەری رۆشنبیری ،هەولی کۆکردنەوە و بەچاپگەیاندنیئەو گۆرانیە فۆلکلۆری و میلیانەی دەڤەری برادۆست بدەن و لەدوو بەرگی کتێبێک بەشێوەیەکی زانستی کاریان لەسەر بکرێت.

2- داواکارم لە لایەنی پەیوەندی داری هونەری ، سەنتەری رۆشنبیری پەیمانگە و کۆلێژی هونەرەجوانەکان. زیاتر گرینگی بدەن بەکۆکردنەوەی گۆرانیە فۆلکلۆریەکانی نەتەوەی کورد و لایەنی پەیوەندی دار پشتی ئەو کەسانە بگرێت کە کار لەسەر ئەم بابەتانە دەکەن.

## لیستی سەرچاوەکان

### 1- سەرچاوە کوردیەکان - کتێب :-


1- گــۆرانی فۆلکلۆری،اســـعد محمـــد، وەرگێـــڕان ئامـــانج غـــازی ، ( ل ١٣-٢٣)، ٢٠١٠ ژ.١٤٢.

2- الیاس،کـــاوان احمـــد،٢٠١٧،(ل ٢٨-٣١)، بەکارهێنـــانی گـــۆرانی شـــادی بەخـــش لەموزیکـدانانی کـوردی هاوچەرخـدا (ناوەنـدی پارێزگـای سـلێمانی ) وەک نمونە،نـامەی ماستەر- زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

3- ڕەســـوڵ،عزەدین مســـتەفا،١٩٧٠، لێکـــۆڵینەوەی ئەدەبـــی فۆلکلـــۆری کـــوردی ، (ل ٥٩)چاپی بەغدا (دار الجحاط).

4- ئازیـد،جەلیل ئازیـد ،تیـۆری موزیـک ،(ل ٤٩٧)، چـاپی یەکەم ، چاپخـانەی رۆژهەڵات هەولێر ، ٢٠١٦.

5- برادۆســـتی، زێـــدان رەشـــید ، ٢٠٢١، (ل٢٦-١٦٢)،دەڤەری برادۆســـت (جوگرافیـــا ، مێژوو، شوێنەوار، کەلەپور) ،چاپی یەکەم ، تەهران ، ژمارە ١٠٨٩.

6- سەرباز،حســن،٢٠٢٢،(ل١٧٧)، گێـڕانەوەی کارەســاتی دمـدم لەنێـوان کتێبـی مێـژووی عـالەم ئـارای ئەســکەندەر بەگـی توتکمـان و رۆمـانی دمـدم ی عەرەبـی شەمۆ،پژوهشـنامە ادبیات کردی.

7- کـــریم ، مســـتەفا سالح(شـــەهیدانی قەڵای دمـــدم) – (لا ٣١-٣٢) ،ســـال ١٩٦٠ چـــاپی بەغداد، نەقابەی مامۆستایان.

8- شێخ ڕاغب، هەندرێن ، ٢٠٢٢ (ل ٤٦ – ٤٩) ، تورکیا لەبرادۆست ، چاپی یەکەم .


### 2- سەرچاوەی عربی


9- ابن حوقل،ابي القاسم،١٨٧٣، ١٨٩،المسالک والممالک،مطبح بريل ،لدين.

10- كوجك، كوثر حسين. (2007). أخطاء شائعة في البحوث التربوية. القاهرة: دار عالم الكتب للنشر.

11- باقر : طه و فوءاد سفر ، ١٩٦٦، المرشيد ،الى مواطن الاثار والحضاره، الرحله الخامسه بغداد اربيل ، مدير الفنون والثقافه الشعبيه،بغداد.

12- الخليل ،احمد،٢٠٠٧،تاريخ الكردى في الحضاره الاسلاميه، دار هيرو، بيروت.

**3- سەرچاوەی کتێبی بیانی**

13- Radner,karen,2011, ASSYRIANS AND URARTIANS,33,the oxford handboock of ancient anatolia,P. 738.

**4- چاوپێکەوتنەکان**

14- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند( مەزهەر سعید برادۆستی ) ٢٠٢٤/٤/١١ سیدەکان.

15- چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (جابر وەسمان برادۆستی) ١٣ /٤ / ٢٠٢٤سیدەکان.

16- وانەی ئێتنۆموزیکۆلۆجی، کۆلێژی هونەرەجوانەکان – هەولێر ،تۆمارکراو ، (نەهرۆ زاگرۆس) بەروار ٢٠٢٤/١/٢٥ کاتژمێر ٩:٤٧ بەیانی .

**5- سەرچاوەی وێبسایتی ئەلیکترۆنی :**

17- https://www.scribd.com/document/692678465/

( سکريبد،المنهج المقارن،٢٠٢٣/١٢/١٥).

18- https://ethnomusicology.music.utoronto.ca/whatiseth no/ (James Kippen’s 2022 ethnomusicology in the Faculty of Music in the journal MUSICultures).

19- https://muziknas.com/

( توانا حەمە ، موزیک ناس ، ئێتنۆموزیکۆلۆجی چییە؟،٢٠٢٣/١٢/١٦).

20- https://www.xendan.org/detailnews?jimare=28308&babet=11&relat=1024

(ڕێـژەن حسـن، خەنـدان،گرنگی گەرانـی مەیـدانی لە لێکـۆلینەوەی گـۆرانی و مۆسیقای فۆلکلۆری دا ،٢٠١٧/٧/٢٩).

21- https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20230406223840480025&lng=01

(ئامـانج غـازی ، کوردپیـدیا، کـۆڵەگە هونەرییەکـانی لێکـۆڵینەوە لە موزیـک و گۆرانی و فۆلکلۆریدا،٢٠٢٣/٤/٦).

22- https://www.hawlergov.org/app/en/node/409

(پارێزگای هەولێر(Erbil grovernorate)،سیدەکان).

23- https://www.zarikrmanji.net/Home/Details/15259/

(پەیـام خالیـد ، سـاوین جمـعە، زاری کرمـانجی ، موساسـیر-مجێسـەر (لەدەڤەری برادۆست)،٢٠٢٣).

24- https://www.kurdia.net/archives/6753

(سۆرانی حەمەڕەش، کوردیا،مێژووی کێلەشین ،٢٠٢٢/٢/٢٥).

25- https://www.gulanmedia.com/so/story/194124/1621548286-6108-.(علی چیایی ،گوڵان میدیا ، لەبارەی پیرۆزبونی عێراق ، ٢٠١٧/١٠/١٤)

26- https://www.zarikrmanji.net/Home/Details/14405

(زەیـنەڵ خێـری ،زاری کرمـانجی ، بزاڤـی هـونەری لەبـازنەی میرنشـینی سۆران،٢٠٢٣).

27- https://virgool.io/@garozman

(فرهنـگ گرزمـان، virgool،سـرودهای زرتشـت (گاتـا) تـا تصـنیف و ترانـه، ٢٠٢١).

28- https://www.iranicaonline.org/articles/dimdim

(Amir Hassanpour,November 28, 2011,Encyclopaedia iranica).

29- http://arktourism.ir/1394/06

(پیام بگذارید ، arktourism،قلعه دم دم، ٢٦/٨/١٥ هتاوی).

30- https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=21839&type=komalayati

(پشکۆ کامەران، خاک تیڤی ،قەڵای دمدم، ٢٠٢٠/٤/١٧).

31- https://rukurdistan.net/articles.php?nawdar=7

(مەلا ئـاوارە، rukurdistan،میـر قەرەتـاج ناسـراو بە خـانی لەپ زێـڕین میری میرنشینی برادۆست،٢٠٢٤/٤/١٢).

32- https://www.peyserpress.com/detail/1408

(پەیسـەر ، پەیسـەر پـرێس ، قەڵای دمـدم کۆبـانێیە نـوێیەکەی سـەردەم ، ٢٠١٩/٢/٢٨).

33- https://www.rojikurd.net

(وەرگیـراوە لە کتێبـی (کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت)ی جەمـال پـوورکەریم، rojikurd،٢٠٢١/٤/٢٩).

34- https://www.basnews.com/so/babat/785896

(چۆمـان تەقێـدین، basnwes،ئەمـڕۆ ٤١٤سـاڵ بەسـەر داسـتانی قەڵای دمدمـدا تێدەپەڕێت، ٢٠٢٢/١٢/٥).

## پاشکۆ

## (چاوپێکەوتن – وێنە )

**لە چاوپێکەوتنێکی مەیدانی دا لەبارەی ئامێرە موزیکیە باوەکانی دەڤەری برادۆست خەڵکی دەڤەرەکە بەمجۆرە لەبارەی ئامێرەکە دوان :**

مەزهەر سـعید خەلکـی گونـدی مینـای سـەر بە قەزای سـیدەکانە لە دیمـانە و چـاوپێکەوتنێکی کورت لەبارەی ئامێرە باوەکانی دەڤەری برادۆست بەم شێوازە دوا:

پرسـیار/ ئـامێرە مـوزیکیە باوەکـانی دەڤەرەکەتـان کەزۆر بەکـاردێن چـین ؟ لەبـۆنە کەلتوریەکان چ ڕۆڵێکیان هەیە ؟

وەڵام/ ((ئامێرەکـانی مـوزیکی ئەوەی پێشـوو تـر زۆر بەکـار دەهـات لە مەنتـیقەی برادۆسـت زیـاتر شمشـاڵ ، دوزەلە . ئەو دوو شـتانە هەبـوون بەوسـاڵانەی دوایـیش بەڕاسـتی زۆربەی خەڵکـی چـونکە زۆر گـوێگری مـوزیکی بـاکور بـوون ئەوانـیش زۆربەی تۆنەکانیـان تونـدە(بەرزە) پێـی ئەڵـێن دەنگـی چیـایی یـاخود خەلـکەکەش بەخۆیـان خەڵکێکـی چیـایین ،نـاو سروشـتە چیـاییە زۆزانە ، ئەمە وای کـرد کە خەلکێکـی زۆر دەسـتیان بـۆ ئـامێری سـاز بـردیە . خەڵـکەکە زۆر حەزی لە ئـامێری سـازە ، وە ئـامێرژەنی زۆر بەتواناشـمان لەئێسـتادا لـێ هەڵکەوتـووە سـاز ژەنـی زۆر بەتوانـان و باشـن . بـابڵێین لەئاسـتی بـازنەی سـیدەکان و سـۆران دەرنەچـوون ئەویـش هەنـدێک هۆکـار هەنە بەڵام لەئاسـتی ژەنـین زۆر بەتوانـان . هەروا بێـتەوە شـتێکی تـر هەبـووە لەنـاو فۆلکلـۆری کوردیـدا ،کەسـە بەتەمەنەکـانی (٧٠ سـاڵی و ٨٠ سـاڵی ) ١٠ سـاڵ ١٥ سـاڵ پـێش ئێسـتا مـن گـوێم لێبـووە کە ئـامێری شمشـاڵ وەکـوو ئـامێرێکی پیـرۆز بـووە ،وەک چـۆن لەنـاو ئێزیـدیەکان ئێسـتاش پیـرۆزە . ئەوکـات لەنـاوەمەش پیـرۆز بـووە زۆرکەس داوای ئەکـرد ئەگەر مـردم بە ئـامێری دەف وە لەگەڵ شمشـاڵ هەتـا سـەر قەبـران لەگەڵ جەنـازەکەم بـێن . ئەو شـتانە هەبـوونە لەم دەڤەرە بەڵام ئەو ٣٠-٤٠ سـاڵانەی دوایی نەماوە، بەڵام پێشتر هەبووە )).

هەر لەهەمـان پرسـیار دا لەگەڵ مامۆسـتا جـابر وەسـمان برادۆسـتی چاوپێکەوتنمـان کـرد کە خەڵکی گوندی کەژەکی سەر بە سیدەکانە ، ئەویش بەمجۆرە هاتە گۆ لەم بارەیەوە :

((ئامێرەکـانی ئێـرە بەگـوێرەی بەسـەر چـونی کـات گۆڕانکاریـان بەسـەر داهـاتووە ، بۆنمـوونە ئەگەر باسـی قەدیـم بکەیـن قەدیـم لێـرە بەزۆری دوزەلە بـووە وە شمشـاڵیش بـووە . دوزەلە لە

بــۆنە نیشــتیمانی و تایبەتەکانــدا بەکــار هــاتووە وەکــوو ژن گواســتنەوە چــونکە ئــامێرێکە بە ئاسـانی دەتـوانرێ بـۆ شـایی بەکـار بێـت ، خەڵکێکـی زۆر پێشـتر دوزەلەیـان دەبـرد بـۆ شـایی و ئاهەنگەکــان . وە شمشــاڵ لەبــۆنە مــاتەمینی و غەمگینیەکــان بەکــار دەهــات ، هەروەهــا شــوانەکان مەڕدارەکــان ئەوانە زیــاتر شمشــاڵیان بەکــار دەهێنــا ، لە شــوێنێک لەچیــای دادەنیســتن و شمشــاڵیان دەژەنــی هەم بــۆ ئــارامی دەروون وە هەم هەســتێکی خۆشیشــی پێدەبەخشــی و حەزیــان لەم ئــامێرە مــوزیکیە بــوو . بەڵام لەگەڵ بەســەر چــوونی کــات دەبینــین بەکـار هێنـانی ئەم ئـامێرانە کەم بـووەتەوە کەوا دەبینـین ئـامێری ئـۆرگ پەیـدا بـووە دەنگـی شمشــاڵی تێــدایە دوزەلەی تێــدایە ســازی تێــدایە ، هەرچــی ئــامێری مــوزیکیە لەیەک ئــامێری ئـۆرگ دەتـوانی بەکـاری بێنیـت ،ئینجـا لێـرانە چەنـد کەسـێک هەنە کە خۆیـان فێـری ئـۆرگ کــردووە . دەتــوانم بڵــێم ئێســتا ســەرەکی تــرین ئــامێر لەدەڤەری برادۆســت کە زۆر زۆر گرینگـی پێـدەدرێت لەلایەن گەنجـان و بەهرەمەنـدانی بـواری موزیـک لێـرەدا ئـامێری سـازە خەڵکێکـی زۆر لێـرانە متـابەعەی سـاز دەکـات ، وە سـاز ژەنـی زۆر باشـی لێـیە ئەو مەنتـیقەیە ، لەتەواوی بۆنەکـان سـاز بەژدارە ئەوجـا هەر بـۆنەیەک بیـت، بـرای منـیش یەکـێکە لە سـاز ژەنە بەتواناکـانی ئێـرە کە سـاز لێـدەدات و چەنـدین گەنجـی بەتوانـای تریشـی لێـیە کە سـاز ژەنن )).

**چاوپێکەوتنێکی تری مەیدانی لەگوندی قەڵێتان لەبارەی پێکهاتە و باسی ئامێری جوتزەلە، لەگەڵ ئامێرژەنی جوتزەلە (خدر رسول برادۆستی):**

لە چاوپێکەوتنێکی تردا لەبارەی پێکهاتەکانی ئامێری جوتزەلە ئامێرژەن (خدر رسول ) ناسراو بە (خدر جوتزەلە) دانیشتووی گوندی قەڵێتانی سەر بە قەزای سیدەکانە ،کە لە ساڵی 1974ەوە ژەنیاری ئەم ئامێرەیە بەم شێوازە لەوبارەیەوە دوا:

پرسیار / باسێکی ئامێری جوتزەلە بکە .

وەڵام / ئەو ئامێرە رەسەنی کوردیە نەگۆرانیە نە ئەولا و ئیملا (مەبەستی ئامێری موزیکی ترە)، ئەوە کورد بەکاری دەهینا، جوتزەلە و بلور (شمشاڵ) . بەس گۆرانیەکە عامە بەرا جوتزەلە تایبەتە بەکورد.

پرسیار/ ئەو ئامێرە لەچەند پارچە پێکهاتووە ؟ پارچەکانی چین ؟

وەڵام / ئەو ئامێرە لە دوو پارچە پێکدێت ( مەبەستی لە هەیکەلی ئامێرەکەیە کە دوو قامیشە)، هەروەها لەدوو پارچەی تریش پێک دێت لەبەشی سەرەوەی ئامێرەکە بۆ فوو تێکردن (ماوس پیث). هەروەها لەکەتیرەش پێک دێت ( کەتیرە شێوازێکی بازنەیی هەیە هەردوو بەشی لاشەی ئامێرەکە و ماوس پیثەکە بەیەکەوە ئەبەستێتەوە ). وە لە شەش جوت کون پێک دێت و لەگەڵ دوو دەرچەی هەوا کە هەریەکەیان تایبەتە بە تاک زەلەیەک . شێوازی دەستەکانیش (ئەو چوار پەنجەی دەستی ڕاستی لەخوارەوە دادەنا و دوو پەنجەی دەستی چەپی لە سەرەوە دادەنا ). ئامێرەکەی من لەئاسن دروستکراوە بەڵام پێشتر لە قامیش دروست دەکرا. ئەم جوتزەلەیە دەگە عومری من دایە رەنگە هەزار داوەت (شایی)م پێ کردبیت .

پرسیار/ ئەو ئامێرە لەچ بۆنەیەک زۆر بەکار دەهات ؟

وەڵام / ئەوە بۆ هەموو شتێک بەکاردێت بۆ ( عەفلەی ، بۆشایی ، بووک ) هەموو شتەک بەکار دەهات .

پرسیار / ئەی بۆ کاتی دڵتەنگی و تازیە بەکاردەهات وەک ( دەف و شمشاڵ) ؟

وەڵام / بۆ لاوکی غەریبی ئەبی بەس بۆ تازیەی نابی.

پرسیار / خەلکی چۆن پێشوازی لەکاتی ژەندنی ئامێرەکە دەکەن ؟


وەڵام / زۆر دڵیان پێخۆشە وە جۆش و خرۆشیان لەگەڵ دەنگەکە پەیدا دەبی .

پرسیار / لەکاتی کاری هەرەوەزی جوتزەلەکەت ڕۆڵی هەبوو ؟

وەڵام / بەڵێ ، ئەرێوەڵا ، زبارەی(کاری هەرەوەزی) دەست پێ ئەکرد ئەمنیش دەست پێ ئەکرد ، هەتا ئەوان لە گەنمی ئەبوونۆ ئەمنیش لەوەی ئەبوومۆ ( مەبەستی جوتزەلە ژەنینە) .

پرسیار / ئەی چ گۆرانیەک زۆر مەشهور بوو لەکاتی گەنم کوتان و ساوار کوتان ؟

وەڵام / وەڵامی ئەو بۆ من یەکسەر ئەو پارچە موزیکە جوانەی فۆلکلۆری کوردی بوو (مەندۆ مەندانە)ی ساوارکردن و گەنم کوتان .




تێبینی/ ئەم میلۆدیە لەسەر دەنگی (لا) یە و مەقامی بەیاتە پێویستە دەنگی سی بەچارەگە دەنگ بژەنرێت.

لەدوای ژەنین دا مام خدر وتی ئەوەش بەزمێ ساواریە ( مەبەستی میلۆدیەکە بوو ).



**وێنەی بەردی کێلەشین**



**دەڤەری برادۆست / سیدەکان**




**سروشتی دەڤەری برادۆست**




**وێنەی توێژەر لەگەڵ مامۆستا (جابر برادۆستی)**




**توێژەر لەگەڵ مام (خدری برادۆستی) ئامێرژەنی جوتزەلە**



**وێنەی هونەرمەند (مەزهەر سعید برادۆستی)**

## بەشێک لەبەیتی قەڵای دمدم

هات لەشکری هیرمان و عوممانێ
راوەستان لەسەر زین و خوانێ
وەک ڕۆژی ئاخر زەمانێ
عەجەم کاری وای کردووە؟
سەرلەشکریان کێ بووە؟
لەشکرمان دوایی نایە
دوژمن دەکا واوەیلایە
باب هیچ کوڕ خۆی ناناسێ
هات لەشکری دیاربەکرێ
هەر وەکو باز وەکو سەقرێ
روح لە دوژمن وەردەگرێ
ئاخر ئاگرێ بەجێماوە
هاتن جوان و خاو و لاوە
لەسەر رکێف راوەستاوە
هەموو دنیا وەرگەڕاوە
ئەی تۆپ بۆ دانەبەستراوە

هاتووە لەشکری لای کۆ
هەموو ئازان و سەربەخۆ
لە عەجەمان بۆتە ڕۆڕۆ
هاتووە لەشکری هەولێرێ
کەس بەو سپایە ناوێرێ
عەرزی بە خوێن دەدێرێ

https://m.soundcloud.com/ahirasimi/sabargno8y57